
سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

# عەلی باپیر دەڵێت چی؟

دەربارەی زنجیرە بابەتی
تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی و
خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان



سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی
عەلی باپیر دەڵێت چی؟

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

# عةلي باثير دةلَيت ضي؟

## وتارێکی ڕەخنەییە

## لەمەڕ زنجیرە بابەتی

***(تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان)***

چاپی یەکەم

٢٠٠٨

ئەم نامیلکەیە کۆی ئەو وتارە ڕەخنەییەیە کە لە ژمارەکانی (٣٨٧ ـ ٣٩٠) ی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دا بە (٤) ئەڵقە بڵاو بوەوە، لەمەڕ زنجیرە بابەتی (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان*) لە نوسینی بەڕێز (عەلی باپیر)، کە لە هەردو ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) و (ئاوێنە) دا، بڵاو بوەوە و دواتر لە دو توێی کتێبێکدا بە هەمان ناونیشان لەلایەن نوسینگەی (تەفسیر) ەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

تێبینی: لەم نامیلکەیەدا ئاماژە بۆ لاپەڕەکانی کتێبی (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان*) ی چاپی نوسینگەی (تەفسیر) (٢٠٠٨) کراوە.

# عةلي باثير دةلَيت ضي؟

نوسینی: سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

تایپ و هەڵەبڕی و دیزاین: نوسەر

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨

ژمارەی سپاردن: (    ) ی ساڵی (٢٠٠٨)

# پێشەکی

ڕۆژنامەی (**هاوڵاتی**) و پاشان (ئاوێنە) ماوەیەك لاپەڕەکانی خۆیان تەرخان کرد بۆ زنجیرە بابەتێك (بە ناوی: ***تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان***)، کە بریتی بو لە کۆمەڵێك وتاری ئایینیی سادە، کە دەبوا لە ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) دا، یان وەکو کۆمەڵێك وانەی تایبەتی بۆ جەماوەری کۆمەڵ، دابەزینایە. ئەو زنجیرەیە بە پێنج ئەڵقە و بە دە ئەڵقەش نەبڕایەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە باکگراوندی نوسەر ئایینیە و لە ئاکامدا مەبەستێکی ئایینیی هەیە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە گوتارێکی ئەوەندە سادە و (تبسیطي) و بێناوەڕۆك بو کە ببوە دوبارەکردنەوی چەند دەقێك و نەقڵکردنی چەند پەرەگرافێك و هەڵخوێندنی کۆمەڵێك دێڕ و وتە و چەمکی باو و پێشوەخت زانراو، بەبێ بونی میتۆدێك و چوارچێوەیەکی فیکری کە توانای خوێندنەوەی واقیع و خەملاندنی تەواوی هەڵوێستەکەی هەبێت.. بە شێوەیەك ئەگەر مەلایەك یان بیرمەندێکی ئیسلامی بومایە دەنگم بەرز دەکردەوە کە: فیکری ئیسلامی ئەوەندەش سادە و سادەکاری نیە و هەنگاوی زۆرمان ناوە و قۆناغی زۆرمان بڕیوە و هەر سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی زۆر شتمان تێپەڕاندوە. کاتێك ئەم جۆرە نوسینانە دەخوێنمەوە وا دەزانم هێشتا فیکری ئیسلامی لە هەنگاوی سفردایە و هێشتا هیچ مشتومڕێك لە جیهانی ئیسلامدا لەدایك نەبوە و هێشتا عیلمی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی سەریان

**دەرنەهێناوە و هیچ گروپێكی كەلامی دروست نەبوە و هیچ نەنوسراوە و هیچ نەوتراوە، و هێشتا (ئەفغانی) یەك و (عەبدوەهـ) یێك و (ئیقبال) یێك و (شەریعەتی) یەك و (حەنەفی) یەك و (تورابی) یەك و هیچ كەسێكی تر نەهاتونەتە كایە.. ئینجا دەزانم وەهابییەت چ پەتپەتییەكی كردوە بە فیكری ئیسلامی و چۆن هەمو ڕابردوی فیكری ئیسلامیی سڕیوەتەوە و لە سفرەوە دەستی پێ كردوەتەوە.**

**من ڕێزم هەیە بۆ نوسەر وەكو شەخس، بەڵام وەكو گوتارەكەی بۆم هەیە سپێتی و نەوتراوەكانیشی بخوێنمەوە و، وەكو خوێنەرێك و وەكو نوسەرێكیش كە بە مافی خۆمی دەزانم قسەوباسم لەسەر ئیسلام و فیكری ئیسلامی هەبێت و پێم وایە ئەو مافە قۆرخكراو و پاوانكراوی ئیسلامیەكان نیە، ڕاشكاوانە بیروڕای ڕەخنەیی خۆمی لەسەر دەربڕم، ئەم بیروڕا ڕەخنەییەش ئەوەیە كە نوسەر و ڕۆشنبیرێك ڕاستگۆیانە دەریدەبڕێت، نەك ئەو هەماهەنگی و موجامەلەیەی كە سیاسییەك بەسەرزاری بۆ ناوبراوی دەردەبڕێت.**

سەروەر ع. پێنجوێنی

**sarwar-penjweni@hotmail.com**

# زاراوەسازی و میتۆد

یەکەم تێکەڵکردن و چاوبەستێکی مەعریفی لە گوتاری عەلی باپیردا ئەوەیە دەڵێت (تەوژمی ئیسلامی و تەوژمی عەلمانی) لەبریی ئەوەی بڵێت (ئاییینداری و عەلمانیەت)، یان (دەوڵەتی ئاییینی و دەوڵەتی عەلمانی)، یان بەلای کەمەوە (تەوژمی ئاییینی و تەوژمی عەلمانی). ئەو کاتە ئەگەر بە گشتی قسە بکات دەربارەی ئایین وەکو بەرامبەری عەلمانیەت بەو شێوەیە زاڵ نابێت، چونکە ناتوانێت و نایەوێت بەرگری لە هەمو ئاییینێك بکات لە بەرامبەری عەلمانیەتدا.. ئەو تەنها مەسەلە ئیسلامیەکەی بەلاوە گرنگە لە باس‌وخواسی عەلمانیەتدا. ئەمەش شێواندنی بابەتەکەیە، چونکە عەلمانیەت وەکو چەمك پێچەوانەی ئایین نیە چ جای ئیسلام بەتایبەتی.

دیارە ئیسلامیەکان تواناى تەجریدیان کەمە و ناتوانن بە گشتی باس لە (ئایین) بکەن، بۆیە هەر باسی ئایین بکەن دەڵێن (ئیسلام)، ئەگەر بشڵێن (ئایین) هەر مەبەستیان ئیسلامە (بەگشتی زاراوەی "ئایین" وەکو زاراوەیەکی پۆلێنکاری و چەمکێکی گشتی زاراوەیەکی ئاییینی نیە! واتە لە دەرەوەی هۆشیاریی ئاییینیەوە دێت).

ئەگەر نوسەر بە گشتی باس لە ئایین و تەوژمی ئاییینیی هەمو کۆمەڵگایەك بکات بێ گومان ناتوانێت نکولیی لەوە بکات کە عەلمانیەت بۆ زۆربەی کۆمەڵگاکان هەنگاوێکی پێویستە بۆ ڕزگاربون لەو ڕژێمە تیۆکراسیانەی کە دەبنە تەوقی گەردنی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بە ژیانی

**ئایینییشەوە. بەڵام نوسەر تەنها باس لە ئیسلام دەکات، چونکە پشت ئەستورە بە پێگەی ئیسلام لە ویژدانی ئایینی و کۆمەڵایەتیی ڕەشەخەڵکدا و لێرەوە ئیسلام دەکات بە گژ عەلمانیەتدا.**

**ئیسلامیەکان لە تێکەڵکردنی بابەتی (دەوڵەتی ئایینی و دەوڵەتی عەلمانی) یان بە گشتی (ئاڕاستەی ئایینی و ئاڕاستەی عەلمانی) بە دوالیزمی دەستکردی (ئیسلام و عەلمانیەت) دو سود دەبینن، یەکەمیان ئەوەیە شەڕێکی ئایینی بە ناوی ئیسلامەوە بە چەمکی عەلمانیەت دەگێڕن لە کاتێکدا چارەسەرێکە (لە چارەسەرەکان) بۆ کێشە درێژخایەنەکانی ئەم خۆرهەڵاتە چەقیوە، دوەمیش لە کێشمەکێشی سیاسیی خۆیاندا بەرامبەر ئەو پارتە نیشتمانی و نەتەوەییانەی کە بە عەلمانی ناودەبرێن سودی لێ دەبینن، بەو پێیە کە ئەمان و ئەوان نمونەی بەرجەستەکەری ئەو ئیسلام و عەلمانیەتەن!**

**(*ئەگەر دەتانەوێت عەلمانیەت نەبێت و ئیسلام خۆی حوکم بکات زۆرینەیەکی ئیسلامی دەستنیشان بکەن کە تەنها موسوڵمان بن و بەس: نە سوننی بن نە شیعە، با حوکم بگرنە دەست! بەڵام حوکمی ئیسلامی هەرگیز ناتوانێت حوکمێکی مەزهەبی نەبێت. برینی ئیسلام قوڵە*).**

**کەواتە دەوڵەتی ئیسلامی نەك تەنها دەوڵەتێکی ئایینی |ناعەلمانی| ـە، بەڵکو دەوڵەتێکی مەزهەبی و تایفییشە. تاکە چارەسەرێکیش بۆ دوچارنەبونمان بە حکومەتێکی مەزهەبی و تایفی تەنها عەلمانیەتە.**

لەلایەکی ترەوە نوسەر دەڵێت (تەوژمی ئیسلامی و تەوژمی عەلمانی)، نەك (ئیسلام و عەلمانیەت) کە دواتر باس‌وخواسەکەی تێدا کورت دەبێتەوە و دەبێتە باسی خودی ئیسلام و خودی بیرکردنەوەی نائاییینی یان نائیسلامی، لەبریی ئەوەی سەرنج بدات لە واقیعی موسوڵمانان و ناموسوڵمانان. جوانیەکانی ئیسلام دەکاتە دەسکەوتی ئیسلامیەکان، بەڵام باسی واقیعی ئیسلامیەکان خۆیان ناکات. ئەگەر دەڵێیت (تەوژمی ئیسلامی) بۆچی ئیسلام و دەقەکانی قورئان دەکەیت بە قەڵغان، (تەوژم) مانای ئەوەیە بزاڤ و ئاڕاستەیەکی ڕێکخراوە کە ملکەچی بارودۆخ و واقیع دەبێت و هەرگیز وەکو بنەما ئایدیالیەکە نیە. ئەو بنەمایەی بەشێوە ئایدیالیەکەی و پێش خستنەگەڕی جوانە بە جێبەجێکردنی ناشیرینی تێکەڵ بە جوانیەکەی دەبێت و لەگەڵ واقیعی ئاڵۆزدا بەرامبەر یەك دەوەستنەوە.. بە پێی تایتڵی (تەوژمی ئیسلامی) دەبوایە نوسەر باسی لە واقیعی تاڵ و شێواوی پارت و گروپە ئیسلامیەکان بکردایە، بەڵام باسی (ئیسلام) ێك دەکات کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی زاییینیدا پێك هاتوە و وەکو تەوژمێك لەگەڵ واقیعەکەدا کارلێکی کردوە و لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتوریی ئەو ڕۆژگارەدا هەڵی کردوە.

# باکگراوندی گوتار

عەلی باپیر بەم بابەتە دەیەوێت برێك ئیسلامیەكان هەڵ كێشێت یان بڵێت هەن! یاخود دەیەوێت بڵێت لە كوردستاندا و لە گۆڕەپانەكەدا هاوكێشەی (ئیسلامی/عەلمانی) هەیە، بەرەی ئیسلامی هەیە و بەرەی عەلمانی هەیە وەكو دو بەرەی جیاواز لە جەوهەردا و بەرامبەریەك لە هێز و تەوژمدا.. ئینجا مادامەكی (ئیسلام) لە (عەلمانیەت) جوانترە و ڕاستترە كەواتە دواڕۆژی بەرە ئیسلامیەكە ڕونترە و مسۆگەرترە. بۆیە لە كۆتاییدا دەیەوێت ناڕاستەوخۆ بەوانی تر ڕابگەیەنێت كە دواڕۆژێكی ئیسلامی بەڕێوەیە و چاوەڕێ بن. دیارە ئەمە خوێندنەوەی دێڕە سپییەكان و پەرەگرافە نەوتراوەكانە.

بیرۆكەی ئەو جیاوازیە جەوهەریەش كە ئاماژەم بۆ كرد و گوایە لەنێوان تەوژمی ئیسلامی و تەوژمی عەلمانیی ئەم دەڤەرەدا هەیە، سادەكارییەكی زۆری تێدایە، ئێستە پارتە ئیسلامیە كوردیەكان جیاوازییەكی ئەوتۆیان نیە لە پارتە عەلمانیەكان: بەیەكەوە حكومەتیان پێك هێناوە و كورسییان هەیە و پارە وەردەگرن و هەماهەنگن، لەگەڵ یەك جیاوازیدا، ئەویش ئەوەیە كە پارتە ئیسلامیەكان لە تەراتوبیەتی بڕیاردا شاگردن و لە خەریتەی سیاسیدا هیچ هێمایەكیان بۆ دانەنراوە.. ئەوە گرنگ نیە، گرنگ دەسكەوتەكەیە. ئیتر بیرۆكەی ئۆپۆزیسیۆنبونی پارتێكی ئیسلامیی وەكو (یەككگرتو) تەنها خەونێكی پەمەیی هەندێك ڕۆشنبیر بو كە ڕەنگە ئێستە لێی ڕابوبن.

ناوبراو ئەگەر بیرمەندێکی واقیعبین بوایە دەبوایە لە بریی باسێکی تیۆریی ئیسلام یان ڕیزکردنی کۆمەڵە دەقێك و وەرگێڕانیان بۆ کوردی سەرنجێکی لە واقیعی تەوژم و گروپە ئیسلامیە جۆراوجۆر و پەرتەوازەکانی گۆڕەپانی عێراقی بدایە کە هەمویان ڕیسی یەکتر دەکەنەوە بە خوری و زۆربەیان ئەگەری یەکگرتنیان لەگەڵ تەوژمێکی عەلمانیدا زیاترە تاکو لەگەڵ گروپێکی ئیسلامیی جیاوازدا! ئەگەر واش بڕوات نە خزمەتی خوا دەکەن و نە خزمەتی گەل.

کاتێك واقیعی ئیسلام (کە بەش بە حاڵی ئەم کات‌وشوێنەی ئێمە ئیسلامیەکان بەرجەستەی دەکەن) واقیعێکی سەخت و نەخوازراو و تاڵە، نوسەر خۆی لەو واقیعە دەدزێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ (جوانی) ـەکانی ئیسلام و بنەما ڕاست و دروست و تەواوەکانی و ئەوەش دەکاتە دەستمایە و شانازیی ئەوەی پێی دەڵێت (تەوژمی ئیسلامی) کە هەرگیز توانای بەرهەمهێنانەوەی شارستانێتیی ئیسلامیی ڕابردوی نیە.

## هەڵسەنگاندنێکی گشتی

ئینجا ئەگەر بمانەوێت مشت‌ومڕ بکەین لەسەر وردەکاری و درێژە و (جوزئیات) ی زنجیرە نوسینی ناوبراو، ئەو کاتە باسەکەمان دەبێتە باسی ئیسلام و دەقە ئیسلامیەکان و بنەما ئیسلامیەکان، چونکە نوسەر جگە لە وەرگێڕانێکی کوردی هیچی تری لە بیری هاوچەرخ نەخستوەتە پاڵ ئەو دەق و بنەمایانە تا ئێمە میتۆدێکی فیکریی دیاریکراوی لێ

بخوێنینەوە، ئینجا لێکۆڵینەوەی دەق و بنەما ئیسلامیەکان بۆ خۆیان پێویستیی بە توێژینەوە و پرۆژەی سەربەخۆ هەیە کە ئێرە جێگەی نیە و خۆیشم ئامادە نیم ئەو توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ڕەخنە و وەڵامدانەوەدا بخەمەڕو چونکە ئەو بابەتە پێویستیی بە ڕوبەری زۆر و بێلایەنی و دەمارساردیی تەواو هەیە. بەڵام دەکرێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە میتۆدی نوسەر لەو بەراوردەیدا لەنێوان (تەوژمی ئیسلامی) و (تەوژمی عەلمانی) لەسەر بەراوردێکی شکڵی و تیۆری وەستاوە کە وەڵامدانەوەی لەلایەن نوسەرێکی (عەلمانی) ـەوە ئاسانە و جگە لەوەش هاوواتاکردنی (عەلمانیەت) لەلای نوسەر لەگەڵ هەمو کولتور و ئایدیۆلۆجیای مرۆڤ لەدەرەوەی ئیسلام تێکەڵییەکی مەنهەجی و مەفاهیمیی دروست کردوە کە لە سایەیدا نوسەر توانیویەتی هەمو جۆرە ئایدیۆلۆجیایەك (بە ئایدیالیزمیشەوە کە باڵە نیمچە ئایینیەکەی فەلسەفەی کلاسیکیە) بکاتە موڵکی عەلمانیەت و هەر ڕەخنە و چەوتی و کەموکوڕییەك لە هەر ڕێبازێکی فیکریدا هەبێت بیکاتە خاڵێك بەسەر عەلمانیەتەوە.

ڕەنگە زیادەڕۆییشم نەکردبێت ئەگەر بڵێم ئەو شێوازی بەراوردە شکڵیەی کە نوسەر کردویەتی لەنێوان تەوژمی ئیسلامی و تەوژمی عەلمانیدا، کە هەوڵ دەدات هەرچۆن کراوە پلار لە تەوژمی عەلمانی بگرێت و گۆرانی بە باڵای تەوژمی ئیسلامیدا هەڵ بدات، بە نەزەری من زیاتر لەو شێوازی (موفاخەرە) و (موفاضەلە) یە دەچێت کە کاتی خۆی شێوازێکی ئەدەبیی باو بوە و چەندین نوسەر و ئەدیب لە ڕابردودا بۆ

دەربڕینی توانای زمانەوانی و ئەدەبیی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەوانەش وەکو (*مفاخرة الجَواري و الغِلمان*) ی (الجاحظ) و، (*مفاخرة القلم والسيف والدينار*) ی (ابن ماكولا) و، هەر دو (*مفاخرة أهل البصرة والكوفة*) و (*مفاخرة العرب والعجم*) ي (ابن المديني) و، (*المفاخرة بين السيف والقلم*) ی هەر سێ (ابن برد) و (القلقشندي) و (شافع بن علي الكناني)، و (*مفاخرة السيف والرمح*) ی هەر دو (ابن عبد الظاهر) و (علاء الدين السعدي) و، (*المفاخرة بين الصيف والشتاء*) ی (ابن عزوز التونسي) و، (*المفاخرة بين دمشق والقاهرة*) ی هەر دو (السخاوي) و (البساطي) و، (*زَهْر الجنِان في المفاخرة بين القنْدِيل والشَّمْعدان*) (واتە: گوڵی باخان بۆ شانازیکردنی نێوان چرا و شەمدان!) ی (تاج الدين اليماني) و، (*المفاخرة بين حمص وحماة*) ی (عبد القادر الرافعي) و، هەردو (*المفاخرة بين الشمس والقمر*) و (*مفاخرة بين البيضاء والسمراء والسوداء*) ی (بهاء الدين البيطار) و، (*التَّنُّور المسجور في المفاخرة بين السفينة والوابور*) (واتە: تەنوری گڕدراو بۆ شانازیکردنی نێوان کەشتی و پاپۆڕ!) ی (عبدالله النديم) و، (*الزِّقُّ المنفوخ في المفاخرة بين الجُبَّة والجُوخ*) (واتە: خیگەی فودراو بۆ شانازیکردنی نێوان جبە و چۆغە!) ی (محسن العنسي) و، (*المفاضلة بين جدة والطائف*) ی (الحضراوي) و، (*المفاخرة بين الماء والهواء*) ی (أحمد البربير)...! لەگەڵ جیاوازییەکدا ئەویش ئەوەیە کە ئەو نوسەرە کۆنانە هەر بۆ (تەرفیه) ی خوێنەر ئەمانەیان نوسیوە، بەڵام زنجیرە نوسینی ناوبراو باس لە شتێکی زۆر جیدی دەکات

ئەویش بە شێوازی موفاخەرە کە نوسەرێکی تر زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەنجامەکانی عەکس بکاتەوە! چونکە موفاخەرە بە نۆرەیە و هەر کەس لە نۆرەی خۆیدا بەرگری لە خۆی دەکات و هێرش دەکاتە سەر بەرامبەر، تەنها ئەوەندەی زەحمەتە نۆرەی بگاتێ!

## عەلمانیەت و بیری ئیسلامی

نازانم بۆ ئەوەندە ئیسلامیەکان عەلمانیەتیان لێ بوەتە مۆتەکە؟! ئەگەر موسوڵمان لە وڵاتێکدا بژی کە ڕژێمەکەی عەلمانی نەبێت و دەوڵەتێکی ئایینیی - بۆ نمونە - مەسیحی بێت، بێ گومان جێی نابێتەوە و ناتوانێت بژی یان مافەکانی پارێزراو بن. نا، دەزانم.. یادم کەوتەوە، لەبەر ئەوەیە کە عەلمانیەت مانای وایە دەوڵەت ناتوانێت لە بەرژەوەندیی هیچ ئایینێکدا کۆششێك بنوێنێت، ئەمەش لە ڕوی عەمەلیەوە واتە ئیسلامیەکان لە دەوڵەتی عەلمانیدا ناتوانن بەو ئامانج و شێوازی کارە ئایینیەوە کە هەیانە بە پەیژەی دەسەڵاتدا سەر بکەون، ئەگەریش دەسەڵاتێکیان گرتە دەست ناتوانن هیچ بۆ ئیسلام بکەن و هیچ شتێك لە یاسا تایبەتیەکانی ئیسلام (تەتبیق) بکەن! لەوەش گەڕێ کە کەسێتییەکی ئایینیی وەکو (عەلی باپیر) ناتوانێت لە دەوڵەتی عەلمانیدا پۆستێکی دەسەڵات وەرگرێت!

ئینجا لە بەدبەختیی عەلمانیەتە مەلایەکی سەلەفیی وەکو ناوبراو ببێتە ڕاڤەکار و پێناسەکار و مێژونوسی: عەلمانیەت

بەدەر لەوەی پیرۆزایەتی و سیفەتی ئایینیی نیە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتیی لەهەناودا هەڵ نەگرتوە و تەنها ڕەخساندنی بوارە بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی ئارەزومەندانە بیر بکاتەوە و بناغەی ژیان و کۆمەڵگا و دەوڵەت دابنێت، بەڵام لای عەلی باپیر دەبێتە هەمو جیهانی دەرەوەی ئیسلامیەکان، هەمو بیر و کولتوری مرۆڤ لە دەرەوەی بیری ئیسلامی، هەمو شتێك جگە لە ئیسلام! بۆیە هەمو ڕێباز و ئاڕاستە فیکریەکانی دنیای بە جەستە و پێکهاتەی عەلمانیەت پۆلێن کردوە. لەو نێوانەدا نوسەر تەنها باسی ئایینەکانی تر ناکات (لەبەر ئەوەی ئەوانە نە ئیسلامن نە عەلمانیەتن!)، ئەگەرنا باسی هەمو کولتوری مرۆڤ دەکات لە بەرامبەریشیدا تەنها باسی ئیسلام دەکات. ئەمەش واتە هەر فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیایەکی نائایینی و ناپیرۆز مرۆڤ بەرهەمی هێنابێت نوسەر کردویەتی بە ناوەڕۆك و پێکهاتەی عەلمانیەت، لە کاتێکدا ئەوانە هیچیان جەوهەری نین بۆ عەلمانیەت، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵێك ئاڕاستە و ڕێبازی جۆراوجۆری کولتوری مرۆڤن کە هەر کاتێك بیرکردنەوەی مرۆڤ لەکاردا بو دەردەکەون و تەعبیر لە خۆیان دەکەن، واتە بەشێکن لە جیهانی هەمەڕەنگ و دەوڵەمەندی مرۆڤ، و هەتاکو جیاکردنەوەیان بەتەواوی لە بیرکردنەوەی ئایینی (و ـ بۆ نمونە ـ ئیسلامی) یش سادەکاریە، چونکە کەم تا زۆر ئەو شێوازی بیرکردنەوانە لە بیری ئایینییشدا دەردەکەون، لە بیری ئایینییشدا کەم تا زۆر و بە ڕێژەی جیاواز شێوازی بیرکردنەوەی ـ بۆ نمونە ـ ئایدیالی و ماتێریالی هەیە.. ئەمەش چونکە بیری

ئایینییش هەر بەشێکە لە کولتوری مرۆڤ و بەدەوری کێشە و خولیاکانی مرۆڤدا دەسورێتەوە هەرچەند دەمامکدارە بە باسی خوا و جیهانی میتافیزیك. هەروەها لە ئایینێکی وەکو ئیسلامدا کەم تا زۆر ئەندازەیەك لە سەرمایەداری و لە سۆسیالیزم هەیە [هەرچەند ئیسلام زیاتر لە سەرمایەدارییەوە نزیکە. لە قورئاندا چینایەتیی ئابوری پاساوی بۆ هێنراوەتەوە و بنەمایەکی ئایینی و فەلسەفیی بۆ دانراوە، کە دەڵێت: (واللهُ فَضَّلَ بعضَكم على بعض في الرزق) (النحل: ٧١)]. لێرەوە دەڵێین ئەو شێوازی باسکردنەی نوسەر کە هەمو ڕێبازە فیکری و سیاسیەکانی مرۆڤ لەسەر عەلمانیەت حسێب دەکات هەڵەیەکی مەنهەجیە و لادانە لە جەوهەری باسەکە. ئەگەریش دەڵێت واقیعی تەوژمە عەلمانیەکە ئەو ڕێبازە جیاوازانەیە، بەڵام لەبەرامبەرەوە نوسەر نەچوە بەلای باسی ئەو هەمو ئایینە جیاواز و دژبەیەکانەی لە جیهاندا هەن کە هەمویان یەکتر ڕەفز دەکەن و لە ناوهێنان و پێناسەکردنی خوایشدا کۆك و تەبا نین، کە ئەمە واقیعی تەوژمە ئایینیەکەیە لە جیهاندا، هەروەها نە کەم و نە زۆر نەچوە بەلای ئەو هەمو ڕێباز و کۆمەڵە و گروپانەی لە ئیسلامدا دروست بون کە هەمویان یەکتر ڕەت دەکەنەوە و زۆربەیان یەکتر تەکفیر دەکەن و هەمویان ئیددیعای ئیسلامی ڕاستەقینە دەکەن، کە ئەمەش واقیعی تەوژمە ئیسلامیەکەیە. ئێمەش دەتوانین ئەو هەمو بیرۆکە و چیرۆکە سەیروسەمەرە و ئەفسانەییانەی لە ئایینەکانی جیهاندا هەن لەسەر تەوژمی ئایینیی حسێب بکەین، یان ئەو بیرکردنەوە و پراکتیسە دواکەوتوانە و نەگونجاوانەی لە جیهانی ئیسلامیدا

هەن یان ئەو پەڵە تاریك و دزێوانەی لە مێژوی ئیسلامیدا هەن یان ئەو تیرۆر و تۆقاندن و کوشتوبڕەی گروپە ئیسلامیەکان ئەنجامی دەدەن، لەسەر تەوژمی ئیسلامیی حسێب بکەین. بەڵام نوسەر لە باسی ئیسلامدا دەچێتەوە بۆ سەرچاوەی ئیسلام و دەقە بنەڕەتیەکان و ئیسلام ڕوت دەکاتەوە لە چوارچێوە و مێژو و سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی، لەبەرامبەری ئەوەدا ئاماژە دەکات بۆ هەر ڕێباز و فەلسەفەیەکی نائایینیی مرۆڤ وەکو میصداقی عەلمانیەت لە واقیعدا، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پێناسەی بنەڕەتیی عەلمانیەت بکات. جا هەرچەند لە چەند سەرچاوەیەکەوە پێناسەی (عەلمانیەت) دەگوازێتەوە، بەڵام ئەوە دادی نەداوە و عەلمانیەتی کردوە بە هەر شتێك لە دەرەوەی جیهانبینی و ئاڕاستەی خۆی بێت (ئەمەش لەبەر ئەوەی پێناسەی جەوهەری بۆ عەلمانیەت لای ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەکرێت لە وشەکانی دوژمن و بێگانە و نامۆدا کورت بکرێتەوە).

گرنگ ئەوەیە عەلمانیەت لە خۆیدا بە جۆرە فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیا و جیهانبینییەکی تایبەتیەوە نەبەسراوەتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە پابەندی ئایینێکی تایبەتی نیە و لەبەرژەوەندیی ئایینێکی تایبەتیدا کار ناکات و لەبەر خاتریی ئایینێك ئاینەکانی تر سەرکوت ناکات. گرنگ ئەوەیە بواری تاقیکردنەوە و گۆڕین و لابردن و بەرەوپێشبردنی هەمو جۆرە فیکر و ڕێباز و سیستەمێکی تێدایە و ئەمەش بوار دەکاتەوە بۆ دەرکەوتن و مانەوەی گونجاوترین ڕێباز و سیستەمێك و لابردنی هەر سیستەمێك کە واقیع سەلماندبێتی گونجاو و سەرکەوتو نیە.

ئینجا عەلمانیەت، بەوپێیە کە بەرهەمی ئاڕاستەی هیومانیزم و مرۆڤدۆستیە، هەنگاوی سەرەتایی و یەکەمی ڕێخۆشکردنە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی و، ئەوانەی بانگەشە بۆ عەلمانیەت دەکەن هەر ئەوانەش بانگەشە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ دەکەن، جگە لە هەندێك نمونەی سەقەتی عەلمانیەت لە خۆرهەلاتدا وەکو (عەلمانیەتی فاشیست) ی تورکیا کە هەرگیز نابێتە بەشێك لە ئوروپای خۆرهەلاتیش! بەلام کە وتت ئایین ڕاستەوخۆ ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتی و بەڵکو ئایینێکی تایبەتی دەگرێتەوە کە دیارترین تایبەتمەندیی ئەوەیە گۆڕان و گەشەکردن قبوڵ ناکات و بواری گۆڕانکاری و چاکسازیی تێدا نیە، بە تایبەتی کە ئەو ئایینانەی ئێستە لەگۆڕێدان پاشماوەی بیرکردنەوە و ڕژێمی کۆمەلایەتیی کۆمەلانی سەدان و هەزاران ساڵ لەمەوپێشن. هیچ ئایینێکی گەورە لە جیهاندا نیە تەمەنی لە هەزار و دو هەزار ساڵ کەمتر بێت، ئایینە بچوکەکانیش هەر درێژە و لقی ئەم جۆرە ئایینانەن کە بە حوکمی لۆجیك و بە قانونی گەشەوگۆڕان هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆمەڵگای ئێستەوە نەماوە تەنها لە شکڵدا و لە شێوەی داب‌ونەریتدا نەبێت. بۆیە من باوەڕم بەوە نیە کە ئایینێکی زیندو و ڕاستەقینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەبێت بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بارێکی کولتوریی قورسە بۆمان ماوەتەوە و شانی قورس کردوین.

لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە چەمکی (عەلمانیەت)[1] لە خۆیدا پێناسەکردنی ئاسان نیە و دەبێت چەند ئاست و توێژ و

---

(١) وشەی (عەلمانیەت)، کە ئێمە لە عەرەبیەوە وەرمانگرتوە، بەپێی ڕێسای زمانی عەرەبی نیە و (عەلم) هیچ واتایەکی نیە (مەگەر بە واتای نیشانەکردن و لێوکەتکردن!) و تەکەللوفە ئەگەر بوترێت لە سوکەڵەکردنی (عالەم) ـەوە هاتوە (هەرچەندە saecularis کە ڕیشەی لاتینیی مەسیحیی وشەکەیە بەواتای "جیهان" ـە)، ئینجا بەو پێیە کە ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار ئەم وشە عەرەبیەی بەکارهێناوە هەردو فەرهەنگسازی لوبنانی (إلياس بقطور) (خاوەنی: معجم عربي / *فرنسي*) و (بطرس البستاني) (خاوەنی: *محيط المحيط*) بون کە هەردوکیان مەسیحی بون و لە فەرهەنگ و زمانی سوریانیەوە سەرچاوەیان گرتوە؛ دیارە کە وشەکە لە سوریانیەوە هاتوە، چونکە لە سوریانیدا بە دنیا دەوترێت (عالما) ܥܳܠܡܳܐ (ئەمەش واتە عالم ܥܳܠܡ لەگەڵ ئەلیف ا ی کۆتایی بۆ ناساندن) (و هەندێك جاریش دەوترێت عالام ܥܳܠܳܡ)، بۆیە بە (لایك)، واتە دنیایی، دەوترێت (عالمایا) ܥܳܠܡܳܝܳܐ، و بە عەلمانیەت (دنیاییبون) دەوترێت (عالمایوتا) ܥܳܠܡܳܝܘܬܳܐ، کە بەڕواڵەت و بەبێ ڕەچاوکردنی بزوێن بە (علمیوتا) دەخوێنرێتەوە، بۆیە لەسەر شێوازی ئەمە وشە عەرەبیەکەیان داڕشتوە، جگەلەوەی (عالم) ی سوریانی ئاسانتر سوکەڵە دەبێت و دەبێتە (عەلم) تاکو (عالەم) ی عەرەبی، چونکە (عالم) لە یەك بڕگەی فۆنەتیکی پێك هاتوە بەڵام (عالەم) ی عەرەبی لە دو بڕگە. زاراوەکەش لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی مەسیحیە کە لە بنەڕەتدا (علماني) secular بە قەشەیەك وتراوە کە سەر بە کلێسایەك یان ڕەبەنیەتێکی دیاریکراو نەبێت، یان پیاوێکی ئایینیی مەسیحی کە ڕەبەن نەبێت و دنیایی بێت. هەندێکیش بەهەڵە و بەبێ مەبەست وشەکە بە (عیلمانیەت) دەخوێننەوە (یەکێك لەوانەش مونیر بەعلبەکی لە فەرهەنگی مەوریددا!)، بەوپێیە کە لە (عیلم) ـەوە هاتوە (دەڵێیت تێکەڵکردنی Secularism ـە

**قۆناغێکی تێدا جیا بکرێتەوە: بەگشتی پێناسە دەکرێت بە دنیاگەری و جیاکردنەوەی ئایین و ڕێوشوێنی ئایینی لە ژیان و کاروباری ژیان و بایەخدان بەم جیهان و ژیانە لەبریی جیهان و ژیانێکی تر (وەکو پێناسەکەی *ئێنسایکلۆپیدیای بریتانی*[1] کە نوسەر لەڕێگەی قەرەزاویەوە نەقڵی دەکات!)، واتە بریتیە لە دامەزراندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و بوارەکانی تر لەسەر بنەمایەکی نائایینی و بەدەر لە ئایین. بەڵام ئەمە پێناسەیەکی زۆر گشتیە و پێناسەی عەلمانیەتە کاتێك دەبێتە ئایدیۆلۆجیای تایبەتیی کەسێك یان کۆمەڵێك یان دەبێتە ئاڕاستەیەکی گشتیی کۆمەڵگا، ئەمەش زۆر جار پێی دەوترێت (عەلمانیەتی گشتگیر). لەگەڵ ئەمەشدا و بەم پێناسە گشتییەش عەلمانیەت هاوواتا نابێت لەگەڵ بێباوەڕی و (ئیلحاد) دا، چونکە ئیلحاد هەڵوێستی دورخستنەوە و دژایەتی و نەفیکردن**

---

**لەگەڵ Scholarism!)، ئەمەش لەگەڵ مێژوی زاراوەکەدا ناگونجێت و بەوپێیە زاراوەیەکی ورد نیە بۆ گوزارش لە سێکیولاریزم، هەرچەند تەوژمی عەلمانی لە ئورۆپا پەیوەندیی پتەوی بە دۆزینەوە زانستیەکان و پەرەگرتنی میتۆدی زانستیەوە هەیە و شۆڕشێکیش بو بەسەر کلێسادا کە دژایەتیی زانایانی زانستە سروشتیەکانی دەکرد. ئێستەیشی لەگەڵدا بێت عەلمانیەت لەلایەنێکیەوە ڕوبەڕوبونەوەی هۆشیاریی زانستیە لەگەڵ هۆشیاریی نازانستی و ئەفسانەیی.**

[1] “Secularism: any movement in society directed away from otherworldliness to life on earth..”.
"Secularism" Encyclopædia Britannica. Ultimate Reference Suite. Chicago: Encyclopædia Britannica, 2008.

وەردەگرێت، بەڵام عەلمانیەت زیاتر شێوەی گوێپێنەدان و بێلایەنی و سەربەخۆبونی هەیە و سوربونە لەسەر ئەوەی ئاییندار مەبەستێکی تاکەکەسی بێت و پەیوەندیی بە ژیانی گشتیەوە نەبێت و فەرز نەکرێت بەسەر کۆمەڵگادا، بۆیە زۆربەی فەرهەنگەکان سورن لەسەر ئەوەی پەیوەندیی عەلمانیەت بە ئایینەوە بە پشتگوێخستن و (عدم مبالاة) ناوبنێن. پێناسەیەکی تر بۆ عەلمانیەت کە چەمکەکە تایبەت دەکات و زیاتر دەیکاتە بنەمایەکی عەمەلی، ئەوەیە کە لە شێوگی پرۆسێسدا گوزارشی لێ دەکرێت، واتە کە دەوترێت (بەعەلمانیکردن) (العلمنة) Secularization و پێناسە دەکرێت بە (جیاکردنەوەی کاروباری ئایینی و کاروباری مەدەنی)، یاخود ئەوەی کە باوە (جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت یان جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی) [هەرچەند بەم پێناسەیەی دواییان دەچێتە بواری زاراوە سیاسیەکانەوە بەتایبەتی]، ئەمە ئەو عەلمانیەتەیە کە بونی دەبێتە پێویستییەکی گەورە کاتێك دامەزراوەی ئایینی و دامودەزگای سیاسی ڕێك دەکەون لەسەر زەوتکردنی ئازادیەکان و سود لە دەسەڵات و هەژمونی یەکتر وەردەگرن بۆ قایمکردنی جێپێی خۆیان، بۆیە دروشمێکی شۆڕشی فرەنسا ئەوە بو کە (دوایین پاشا بە ڕیخۆڵەی دوایین قەشە بخنکێنن!)، ئێمەش دەبێت بڵێین (دوایین دیکتاتۆری خۆرهەڵات بە ڕیخۆڵەی دوایین پیاوی ئایینیی دەربار بخنکێنن!).

ئەو بیرمەند و ئاڕاستە و کۆمەڵانەی لە خۆرهەڵاتدا بانگەشە بۆ عەلمانیەت دەکەن مەبەستیان ئەم عەلمانیەتەیە کە دەکرێت

پێیشی بوترێت (عەلمانیەتی جوزئی) یان (عەلمانیەتی میانەڕەو) و وەکو تەوژم تەنها وەسف بکرێت بە (نائایینی) nonreligious نەك (دژەئایین)، و ڕەنگە زاراوەی لایکیەت Laicism یش وەکو بەرامبەر گونجاوتر بێت بۆی تاکو عەلمانیەت Secularism. بۆیە لەنێو ئەو بیرمەندە عەلمانیانەی خۆرهەڵاتدا خەڵکی وا هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی باوەڕداریشە و بێباوەڕ نیە. کەواتە عەلمانیەت بەم پێناسەیە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دین و دەوڵەتە بۆ ئەوەی هیچیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ نەبێت و ئەوی تر بەکارنەهێنێت، و بۆیەش لەگەڵ بێباوەڕی و (لادینیة) دا هاوواتا نیە ئەگەریش وا دەربکەوێت ئەوە لای ئەو تەوژم وکۆمەڵە و پارتانەیە کە خۆیان چەپن یان لە بنەڕەتدا چەپن، عەلمانیەتی لای ئەمانە دەکرێت وەسف بکرێت بە (عەلمانیەتی پەڕگیر) یان (دژەئایین) antireligious. گرنگ ئەوەیە ڕژێمی عەلمانی ڕێگە لە ئایینداریی هاوڵاتیان ناگرێت و ڕێگەش نادات هیچ ئایینێك زاڵ ببێت بەسەر کاروباری مەدەنی و گشتیی کۆمەڵگادا و ببێتە هۆی تەسککردنەوەی ئازادیەکان و چەوساندنەوەی کەمایەتیە ئایینیەکان. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە مەلا و ئاخوند و قەشە و حاخام فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار نەبێت و دەست وەرنەداتە ژیانی گشتیەوە، یان فەرمانڕەوا تاقمێك لە پیاوی ئایینیی نەبێت کە سیاسەتەکانی بە ئایین پاساو بدەن و بە هەردو لایان چنگیان لە ژیانی کولتوری و سیاسی و ویژدانی کۆمەڵگا و (موقەددەراتی شەعب) گیر بکەن و بیانەوێت کۆمەڵگا لە حاڵەتی نەگۆڕی و بێدەنگی و (کڕی) دا بمێنێتەوە.

## چینی پیاوانی ئایینی لە ئیسلامیشدا هەیە
## و جیهانی ئیسلامییش پێویستیی بە عەلمانیەت هەیە

نوسەر زۆر جار دەڵێت ئەو هۆکار و بارودۆخەی لە ئوروپای مەسیحیدا عەلمانیەتی داخوازی کرد کە لە زۆر و ستەمی کلێسا و چینی ئیکلێروس[1] و پیاوانی ئایینیدا بەرجەستە دەبێت، دەڵێت ئەو بارودۆخە لە جیهانی ئیسلامیدا نیە و دەزگایەکی وەکو کلێسا و چینێکی وەکو پیاوانی ئایینیی مەسیحی لە ئیسلامدا بونی نیە، و بۆیە عەلمانیەت بۆ جیهانی ئیسلامی پێویست نیە! لێرەدا نوسەر دەڵێیت ئاگای لە مێژوی ڕابردوی جیهانی ئیسلامی نیە و خوێنەری خۆیشی بە بێئاگا دەزانێت! پێش هەمو شتێك چینی پیاوانی ئایینی لە ئیسلامیشدا هەیە و خراپتریش لە مەسیحیەت، چونکە لە مەسیحیەتدا پیاوی ئایینی جیایە و فەرمانڕەوا جیایە، واتە هەر لە بنەڕەتەوە جۆرە عەلمانیەتێکی سەرەتایی لە مەسیحیەتدا هەیە، بەڵام لە

---

[1] وشەی (ئیکلێروس) «إكليروس» شێوەی عەرەبیی وشەکەیە کە لە (کلێرۆس) κλερος ی گریکیەوە وەرگیراوە، و هەرچەند بەکار هێنراوە بەڵام تا ڕادەیەك هەڵەیە چونکە (کلێرۆس) (بەواتای تیروپشك) ڕیشەی وشەکەیە نەك خودی زاراوەکە بێت، ڕاستتر وایە بوترێت (کلێریکوس) لە *clericus* ی لاتینیەوە ئەمیش لە κλερικος ی گریکیەوە، بە عەرەبییش دەبێتە (إكليِركوس) یان (إكليِركيّة) کە ئەمەی دوەمیان بەکاریش دێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نوسەرەکەی لای ئێمە وشەکەی بە (ئەکلیرۆس) نوسیوە، وا دیارە هەمزەی مەکسور لە عەرەبیدا بۆ ئەوەی وشەکە بە نەبزواو دەست پێ نەکات لای ئەم نوسەرە مەفتوحە!

ئیسلامدا زۆر جار پیاوی ئایینی دەتوانێت لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوا و خەلیفەیش بێت. خەلیفە و والیەکانیش هەمویان لە هەمان کاتدا ئیمامی مزگەوت و جمعەوجەماعەتیش بون و مێزەربەسەریش بون! خەلیفەیەکی وەکو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە هەمان کاتدا موفتییش بوە و ڕەنگە زاناترین زانای ئایینیی سەردەمی خۆی بوبێت! سەبارەت بە چوار خەلیفەی یەکەمیش ڕێوشوێن و ڕێچکەی ئەوان - بەپێی حەدیسێك - وەکو سوننەتی پێغەمبەر وایە، گەلێك لە فەتوا و ئیجتیهادە فیقهیەکانی عومەر و عوسمان تا ئێستەش ناوبانگ و کاریگەرییان هەیە. ئێستەش لە جیهانی ئیسلامیدا هەر مەلایەك یان موفتییەك یان بەناو زانایەکی ئایینی دەتوانێت گروپێکی ئیسلامی دروست بکات و فەتوا لەسەر گیان وماڵی خەڵکی دەربکات و دوایی ببێتە پارتێکی سیاسییش، گەلێك لە پارتە ئیسلامیەکان لە بنەڕەتدا مەلا و (مەلازادە) دروستیان کردون (هەروەکو چۆن لە ئیسڕائیلیش گەلێك لە پارتە ئیسڕائیلیە - بەتایبەتی - توندڕەوەکان حاخامەکان دایانمەزراندون). لەوەش گەڕێ کە لە ڕێبازە شیعیەکاندا (جەعفەری، زەیدی، ئیسماعیلی) چۆن دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی لە یەك کەسێتی و دامودەزگادا کۆکراونەتەوە. بەشێوەیەکی گشتییش زاراوەی ئیسلامیی ڕەسەن بۆ فەرمانڕەوا بریتیە لە (ئیمام) کە ئاشکرایە چ سێبەرێکی ئایینی و پیرۆزی بۆ دروست دەکات. ئینجا (زانای ئایینی) و (پیاوی ئایینی) هیچ جیاوازییەکیان نیە ئەگەر نوسەر دڵ بەو جیاوازیە خۆش دەکات، ئەگەر کەسێك شارەزایی لە

**ئیسلام هەبێت بەڵام جبە و مێزەری لەبەر نەبێت و پلەوپایەی ئایینی و کۆمەڵایەتیی تایبەتیی نەبێت پێی ناوترێت زانای ئایینی، بەڵکو لە کوردەواریدا پێی دەڵێن (دەمڕوت)! ئیتر (زانای ئایینی) (عولەما!) تەنها زاراوەیەکی ئیسلامیی مەغرورانەیە بۆ ئەوەی لە ئوروپا بە ئاسایی پێی دەوترێت (پیاوی ئایینی) clergyman[1] (ئەم زاراوە مەغرورانەیە لە ئایینی یەهودییشدا هەیە کاتێك بە پیاوی ئایینی وتراوە حاخام کە دەقاودەق بە واتای دانا و حەکیمە! لەڕاستیدا کەسێتیی پیاوی ئایینیی ئیسلامی**

---

**[1] زۆر نوسەری ئیسلامی هەن دەڵێن لە ئیسلامدا پیاوی ئایینی «رجل دین» نیە بەڵکو زانای ئایینی «عالم دین» هەیە.. ئەمە چاوبەستی و موغالەطەیە، چونکە نەبونی زاراوەی (رجل دین) لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی لە خۆیدا ئەو جۆرە دەستەواژەیەی تێدا نیە، نەك هەر (رجل دین) بەڵکو (رجل دولة) و (رجل أعمال) و (رجل شرطة) و ئەمانە هیچیان لە بنەڕەتی زمانی عەرەبیدا نین و ئێستە بە کاریگەریی وەرگێڕانی زمانە ئوروپاییەکان دروست بون، بۆیە (رجل دین) وەرگێڕانی clergyman ـە و (رجل دولة) وەرگێڕانی دەقاودەقی statesman ـە و (رجل أعمال) وەرگێڕانی دەقاودەقی businessman ـە و (رجل شرطة) وەرگێڕانی دەقاودەقی policeman ـە و هەروەها (رجل إطفاء) وەرگێڕانی fireman ـە و بەم شێوەیە (ئەگەر ڕاستت دەوێت ئەمانە وەرگێڕانی هەڵەن و لەگەڵ سروشتی زمانی عەرەبیدا ناگونجێن). ئەمە جگە لەوەی دەستەواژەی پیاوی ئایینی (رجل دین) هەر لە خۆیدا هەڵەیە و بۆ وەرگێڕانی clergyman یش ورد نیە کە دەقاودەق بە واتای (پیاوی کاروباری ئایینی) یان (پیاوی کاروباری کلێسا) یە. سەبارەت بە دەستەواژەی (عالم دین) یش من نەمبینیوە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە غەیری (مەلا) بوترێت.**

لاسایی کەسێتیی حاخامی یەهودی دەکاتەوە و لە شێوەی ئەوە). ئەو داب‌ونەریتی خوێندنی ئایینی و بەخشینی پلەی قەشە و کاهینەی لە ئوروپای مەسیحیدا هەیە لە بەرامبەریدا لە جیهانی ئیسلامییشدا خوێندنی ئایینی داب‌ونەریتی خۆی هەیە و (ئیجازە) بەخشین و دانانی (مەلا) و (ئیمام) و (خەتیب) و (موفتی) هەیە، لەگەڵ یەک جیاوازیدا ئەویش ئەوەیە داب‌ونەریتە مەسیحیەکە ڕێکخستن و هەڕەمیەتی زیاتری تێدایە. ئینجا لە جیهانی ئیسلامیدا چەندین دام‌ودەزگای ئایینی هەبون و هەن کە دەسەڵاتیشیان هەیە و کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسییش هەیە: لە ئیسلامدا (ئەهلی حەلل و عەقد) و ڕژێمی (فەتوادان) و (حیسبە) و پلەی (ئیمامەت) و (خیتابەت) و گەلێك شتی تر هەن کە بنەڕەتێك دروست دەکەن بۆ پیاوانی ئایینی تا بتوانن لە سایەیاندا کیانێك بۆ خۆیان دروست بکەن و کاریگەریی خۆیان پیادە بکەن، جگە لەوەی لە مێژوی ئیسلامیدا پیاوانی ئایینی چەندین پلەوپایە و دام‌ودەزگایان لەژێر دەستدا بوە، لەوانە: دام‌ودەزگای (وەقف) کە هاوشێوەی ڕژێمی کلێسای خاوەن زەوی‌وزار و دێرەکانی ڕەبەنە مەسیحیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە، پلەی قەزاوەت (کە لە ڕابردودا کاریگەریی زۆر بوە، ئەمەش واتە دەسەڵاتی دادگا لە ئیسلامدا بە دەست پیاوی ئایینیەوەیە کە دەتوانێت خەلیفەیش بهێنێتە بەردەم دادگای خۆی) و فەتوادان (کە لە خۆپاکردنەوەی توالێتەوە تاکو بڕیاری ئیعدامکردن دەگرێتەوە) و مەنصیبی (قازیی قازیەکان) و (موفتیی گشتی) و (شەیخولئیسلام) و کۆمەڵێك شتی تر کە

شەرحیان توول دەکێشێت! ئێستەش موفتیی گشتی هەیە و هەیئەی عولەما(!) هەیە و حەوزە هەیە و ئەزهەر هەیە و ئەوقاف هەیە و دیوانی وەقف(!) هەیە و وەزارەتی دەعوە(!) هەیە و هەزار و یەك ناونیشان و بوار هەیە بۆ ئەوەی پیاوانی ئایینی دەسەڵات و قەزاوەتی خۆیان پیادە بکەن، ئەوەش نەك وەکو کلێسا کە زۆر ڕێکخراوە و ڕێسا و ڕێوشوێنی تەواوی بۆ دانراوە، بەڵکو فەوزایەکی عەجیب لە جیهانی ئیسلامیدا دروست بوە کە بە حکومەتەکانیش داگیر ناکرێت. ئینجا ئایا خەلیفە و فەرمانڕەوا ئیسلامیەکانیش بە ناوی خواوە فەرمانڕەواییان نەکردوە؟ زاراوەی (خەلیفە) لە خۆیدا ئەو واتایەی تێدایە کە ئەمە دەسەڵاتێکی پیرۆزی لەدەستدایە و جێنشینی کەسێکی پیرۆزە، مادامەکی جێنشینە کەواتە خاوەنی مافێکی پیرۆزە لە دەسەڵاتدا. خەلیفە کە بەناوی جێنشینیی پێغەمبەرەوە حوکم دەکات مانای وایە بە ناوی خواوە حوکم دەکات چونکە بەپێی قورئان گوێڕایەڵیی پێغەمبەر گوێڕایەڵیی خوایە (مَن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ) (النساء: ٨٠). نازناوی (أمير المؤمنين) یش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم فەرمانڕەوایە فەرمانڕەوایەکی ئایینیە و بە هێزی ئایین حوکم دەکات. لەوەش گەڕێ کە لە قورئاندا گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا لەگەڵ گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەر باس کراوە (النساء: ٥٩). ئەگەر لە واقیعی مێژوی خیلافەت بڕوانین هەمیشە سیفەتی ئایینی و پیرۆزیی تێدا دەبینینەوە: چوار خەلیفەی یەکەم وەکو درێژەی فەرمانڕەوایی پێغەمبەر تەماشا دەکرێن، خەلیفە ئومەویەکانیش

هەمیشە سیاسەت و کردارەکانیان بە قەدەر و بە بنەمای گوێڕایەڵیی (أولوا الأمر) پاساو دەدا، خەلیفە عەبباسیەکانیش (بەتایبەتی مەنصور) خۆیان بە دەسەڵاتی خوا (سلطان الله) و جێنشین و وەکیلی خوا داناوە. بەگشتییش ئەو شەریعەت و حاکمیەتەی کە لە فیکری ئیسلامیدا تایبەتن بە خواوە ئۆتۆماتیکی دەسەڵاتێکی پیرۆز دەبەخشن بە فەرمانڕەوای ئیسلامی، ئەمە لە باشترین و میسالیترین باردا، ئینجا ئەو فەرمانڕەوایە لە زۆر حاڵەتدا ئەو دەسەڵاتە پیرۆزە بەکار دەهێنێت بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی و بنەماڵەیی و نەتەوەیی خۆی کە ئەمەش هەر لە سایەی دەسەڵاتی پیرۆزدا بۆی دەچێتە سەر، زۆرجاریش بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئایینی یەك دەگرن و دەبنە یەك شت، بۆ نمونە فەرمانڕەوای عەرەبی - ئیسلامی هەتا برەو بە زمانی عەرەبی بدات بەرژەوەندیی عەرەب و کولتوری عەرەبی و لە هەمان کاتدا بەرژەوەندیی ئیسلام و ئەدەبیاتی ئیسلامییشی تێدایە.. بۆیە ئێستە ئێمەی کورد ئاگاییمان لەمێژوی عەرەب زیاترە تاکو مێژوی کورد! زانیاریمان لەسەر (بەدر) و (ئوحود) زیاترە تاکو جەنگەکانی کورد! بەڵکو لەبەر ئەوەی کەسێتیی ئیسلامیی یەکەم (پێغەمبەر) لە یەك کاتدا سەرۆکی دەوڵەت و ڕابەری ئایینیی یەکەم بوە، لەو کاتەوە لە ئیسلامدا تێکەڵییەکی تەواو هەیە لەنێوان دامودەزگای سیاسی و کەسێتیی ئایینیدا کە لە هیچ ئایینێکی تردا بەو شێوەیە نیە، بۆ نمونە بەدرێژایی مێژوی مەسیحیەت (ئوسقوف) ی مەسیحی و (ئیمپراتۆر و کایسەر و پاشا) ی مەسیحی دو کەسێتی و

دەزگای جیاواز بون، بەڵام لە ئیسلامدا خەلیفە بۆ خۆی (ئیمام) و جێبەجێکەری یەکەمی حوکمە شەرعیەکان بوە و هەندێك جار خوتبە و ئەمیرایەتیی حەجیش هەر بەدەست خۆیەوە بوە!

## تەوژمی ئیسلامی و، مەعریفە و زانست

نوسەر لەو بەراوردە شکڵی و تیۆریەیدا لەنێوان (تەوژمی ئیسلامی) و (تەوژمی عەلمانی) دا، پشتی بە هەندێك زانیاری و نمونە و بەڵگەش بەستوە کە گەلێك لەمانەش جێگەی تێبینیێن و پێویستییان بە پێداچونەوە هەیە. ئەوەی لەم بارەیەوە من سەرنجم دا ئەوەیە کە، لە بەراوردی نێوان تەوژمی ئیسلامی و عەلمانیدا لەلایەنی زانستەوە، دەڵێت (رازی) موفەسسیر و فەقیه و ئوصولی بوە و لە هەمان کاتدا پزیشکێکی ناوداریش بوە (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ١٣٥)، ئەمەش تێکەڵکردنی (ئەبوبەکری ڕازی) (٨٦٥ ـ ٩٢٥ ز.) ی پزیشکە (کیمیایی و پزیشك و فەیلەسوف: حەکیمی ئەو زەمانە) کە مولحیدیش بوە، لەگەڵ (فەخری ڕازی) (١١٥٠ ـ ١٢١٠ ز.) ی موفەسسیر و ئوصولی و موتەکەللیمی ئەشعەری. لێرەدا گومانمان بۆ دروست دەبێت نوسەری ناوبراو جگە لە (ئیبن حەنبەل) و (ئیبن تەیمییە) و (ئیبن قەییمی جەوزییە) کەسێتیە ئیسلامیەکانی ڕابردو جوان بناسێت. ئەمەش تەنها هەڵەیەکی مێژویی یان بایۆگرافیایی نیە، بەڵکو مەبەستێکی فیکریی لەسەر بنیات ناوە کە دەیەوێت بڵێت زاناکانی ئیسلام لە هەمان کاتدا بایەخیان بە زانستە سروشتیەکان داوە. بەڵام ڕەنگە گرنگترین و دامەزرێنترین زانای ئیسلام ئیمامی شافیعی بێت کە وتویەتی هەمو زانستێك جگە لە

قورئان و حەدیس و فیقھ مەشغەلەت و کات بە فیڕۆدانە و، زانست ئەوەیە ڕیوایەت و گێڕانەوەی فەرمودەی تێدابێت و غەیری ئەوە وەسوەسەی شەیتانە!

كُلُّ العُلُومِ سِوَى القرآنِ مَشْغَلَةٌ

إلاّ الحديثَ و عِلْمَ الفقهِ فِي الدِّينِ

العِلْمُ ما كان فيه قال حَدَّثَنا

و ما سِواهُ فوَسْواسُ الشَّياطينِ[1]

هەروەکو هەندێك جار گوتەی باوی (مَن تَمَنْطَقَ فقد تَزَنْدَقَ) دەدرێتە پاڵی، واتە (ئەوەی خۆی بە مەنطیقەوە خەریك بکات زیندیق و مسقۆف دەبێت)، کە ئەم گوتەیە وەکو وتەیەکی

---

[1] هەرچەند زۆر جار زاراوەی (عیلم) لەو سەردەمانەدا، بە واتای کۆی فەرمودە و دابونەریتی ئیسلامی، یان (نەقڵ) بەگشتی، وتراوە، یان بەتایبەتی بە فەرمودە و گێڕانەوە وتراوە.. بەڵام دەستەواژەی (کل العلوم) لێرەدا زۆر گشتیە، کە تەنها (قورئان و حەدیث و فیقھ) ی لێ جیا دەکاتەوە، کەواتە هەمو بوارێکی مەعریفی دەگرێتەوە جگە لە زانستە ئیسلامیەکان. ئیتر لە دێڕی دوەمیشدا هەمان چەمك دوپات دەکاتەوە، کە دەڵێت زانست ئەوەیە گێڕانەوەی فەرمودەی تێدا بێت، واتە پشت بە (نەقڵ) و گێڕانەوە ببەستێت. ئەگەر لە زانستە ئیسلامیەکانیش (تەفسیر، فیقھ، فەرمودە) ورد ببینەوە؛ دەبینین هەمویان پشتیان بە گێڕانەوە بەستوە و هیچی بەبێ (حدّثنا) و گێڕانەوە ناڕوات بەڕێوە. ئەمەیە مەبەستەکەی، نەك ئەوەی کە (فەرمودەی دروست ئەوەیە بە سەنەد ڕیوایەت بکرێت)، چونکە هەمو فەرمودەیەکی لاواز و هەڵبەستراویش ـ دەگمەن نەبێت ـ سەنەد و (حدّثنا) ی بۆ ساز دەکرێت.

شەعبی وایە بەڵام گوزارش لە عەقڵی ئیسلامیی ڕەسەن دەکات. ڕاستییەکی چەسپاویشە کە (ئیبن صەلاح) و (ئیبن تەیمییە) و (سویوطی) بەڕونی (مەنطیق) یان حەرام کردوە. ئەوەی زۆر ئاشکرایە ئەوەیە کە زانایانی ئیسلام تا ئێستەش تەنها خەریکی تەفسیر و گێڕانەوەی حەدیس و ڕیوایات و فیقھ و فەتوا و زانستەکانی زمانی عەرەبی و ئەدەبی عەرەبی بون، بەڵکو وەهابیەکان خۆخەریککردنیان بە زانستێکی وەکو (نەحو ـ واتە ڕێزمانی عەرەبی) ـەوە بە شتێکی خراپ و زیادە زانیوە و (ئیبن تەیمییە) زۆر جار دەیویست زانایانی نەحو بە خراپ و بێدین لە قەڵەم بدات (بۆ نمونە دەربارەی ئیبن عوصفور) و هەوڵی دەدا ڕەخنە لە سیبەوەیھ بگرێت و لە بایەخی کەم بکاتەوە. بەڵکو ئەوانەی تەوژمی یەکەمی زانستە سروشتیەکانیان هێنایە کایە هەندێك وەرگێڕ و زانای مەسیحی ـ سوریانی و صابیئی بون (وەکو یوحەننا بن ماسەوەیھ و حونەین بن ئیسحاق و بنەماڵەی بوختەیەشوع و ثابیت بن قوڕڕە)، ئینجا کەسانی هەڵکەوتەی وەکو (ئیبن سینا) و (فارابی) و (رازی) کە بەشداریی کاریگەریان لە زانستە سروشتیەکاندا هەبوە جگە لەوەی گەلێکیان شیعە بون لە ڕوی بیروباوەڕەوە بە کەسانی بێباوەڕ و باوەڕناتەواو دادەنرێن و ئیسلامیش تەنها سەرچاوەیەکی لاوەکیی مەعریفەکەیان بوە و زۆربەیشیان عەرەب (ماکی ئیسلام) نەبون و هەندێکیان مامۆستای ناموسوڵمانیشیان هەبوە و لە بنەڕەتیشدا پەرەپێدەری کەلەپوری زانستی و فەلسەفیی یۆنان و سوریان و فارس بون. بە دەگمەن لە سەردەمانی ئیسلامیی کۆندا زانایەك

ببینینەوە کە لە زانستە سروشتیەکاندا بەشداریی هەبوبێت و لە هەمان کاتدا زانای ئاییتییش بوبێت. ئێستەش ئاشکرایە موسوڵمانان و بەتایبەتییش ئیسلامیەکان چ بەرهەمێکیان لە جیهانی زانست و مەعریفەدا هەیە: هیچ، یان شتێکی زۆر لاواز و کەموکورت. کام کتێبە ئیسلامیەکان نوسیویانە و بوبێتە سەرچاوە و خەڵك بەگشتی سودیان لێ بینیبێت؟! نەك هەر ئەوەی کە دۆزینەوە و داهێنان نیە بەڵکو جاری وا هەیە سەرچاوەیەکی عەرەبیت لە بوارێکدا دەست ناکەوێت و، هەندێك کتێبی ئورۆپاییش دوای سەد ساڵ ئینجا دەکرێن بە عەرەبی یان هەر ناکرێن! من زۆر موتابەعەی سایتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی ئینتەرنێت دەکەم و بەڕونی هەژاری و کەموکورتییان دەبینم، بەشێوەیەك بابەتێکی باشکیلە لە دەیەها سایتدا دەبینیتەوە: یەك لە یەکی وەردەگرن: کولتوری (قیل و قال) و گێڕانەوە و دەماودەم و وەڵڵاهو ئەعلەم!

با ئەم سەرژمێری و داتایانە بخوێنینەوە (بەپێی ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی عەرەبیی ساڵی ٢٠٠٣[١] و هەندێك سەرچاوەی تر):

---

[١] *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام ٢٠٠٣ : نحوَ إقامة مجتمع المعرفة*. برنامج الأمم المتحدة الإنمائيّ، الصندوق العربي للإنماء الاقتصادي و الاجتماعي. المطبعة الوطنية، عمّان، ٢٠٠٣. ص‌ص. ٤، ٥، ٦٦، ٦٧، ٧٧، ٧٨.

## خوێندنەوە:

- مرۆڤی ئورۆپایی تێکڕا لە ساڵێکدا ٣٥ کتێب دەخوێنێتەوە، مرۆڤی ئیسرائیلییش ٤٥ کتێب، بەڵام لە جیهانی عەرەبیدا (ناوچەرگەی جیهانی ئیسلامی) تێکڕا بە ٨٠ کەس ئینجا ساڵی یەك کتێب دەخوێننەوە! ئەمەش لەبەر ئەوەی مرۆڤی عەرەب بەتێکڕای ڕێژەیی لە ساڵێکدا تەنها دە خولەك لە خوێندنەوەی دەرەکیدا سەرف دەکات، هەر بۆیە تێکڕای خوێندنەوەی ساڵانە بۆ هەر کەسێك لە جیهاندا چوار کتێبە بەڵام ئەم ڕێژەیە لە جیهانی عەرەبیدا تەنها چارەکە لاپەڕەیەکە!

## بەرهەمهێنانی کتێب:

- بەپێی سەرژمێریی یونێسکۆ بۆ بڵاوکراوەکانی جیهان، وڵاتانی عەرەبی ساڵی (١٩٩١) تەنها (٦,٥٠٠) کتێبیان بەرهەم هێناوە، بە بەراورد بە (١٠٢,٠٠٠) کتێب لە ئەمێریکای باکور و (٤٢,٠٠٠) کتێب لە ئەمێریکای باشور و کاریبی[1]. ئەمە سەرباری جۆر و نەوعیەتی کتێبەکانیش: ئەو کتێبانەی لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە قاهیرە پڕفرۆشترین بون بریتین لە کتێبە ئایینیەکان و ئینجا کتێبی خوێندن یان ئەو کتێبانەی یارمەتیدەری خوێندکارن. بەشێوەیەکی گشتییش ئەو کتێبانەی لە وڵاتانی عەرەبیدا زۆرترین داواکارییان لەسەرە بریتین لە کتێبەکانی: بابەتی ئایینی بە پلەی یەك، چێشتلێنان، بەخت و

---

(1) *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام ٢٠٠٣ : نحوَ إقامة مجتمع المعرفة.* ص‌ص. ٧٧، ٧٨.

بورجەکان. لە کوردستانی خۆیشمان هەروایە، ئەگەر بابەتەکانی خۆشەویستی و شیعرەمۆبایلی بۆ زیاد کەین!

ـ هەرچەند عەرەب ٥٪ ی دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن، بەڵام بەرهەمهێنانی کتێب لە جیهانی عەرەبیدا لە ١,١٪ ی بەرهەمی جیهان تێپەڕ ناکات![1]

ـ لەنێو ئەو کتێبانەشدا کتێبی بواری ئەدەبی و هونەری لە جیهانی عەرەبیدا ئاستێکی نزمتری هەیە: ژمارەی ئەو کتێبە ئەدەبی و هونەریانەی ساڵی ١٩٩٦ لە وڵاتانی عەرەبیدا دەرچون لە (١٩٤٥) کتێب تێپەڕیان نەکردوە، کە ئەمەش تەنها ٠,٨٪ ی بەرهەمی جیهانیی ئەو جۆرە کتێبانەیە! و لە بەرهەمی وڵاتێکی وەکو تورکیاش کەمترە کە دانیشتوانی لە چارەکی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی زیاتر نیە![2]

ـ بەشێکی زۆر لەو کتێبانەی لە جیهانی عەرەبیدا بەرهەم دەهێنرێن لە بابەتی ئایینین: کتێبە ئایینیەکان ١٧٪ ی ئەو کتێبانە پێك دەهێنن کە لە وڵاتانی عەرەبی دەردەچن، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی تری جیهاندا ئەو ڕێژەیە لە ٥٪ تێپەڕ ناکات[3]. ئینجا ئاشکرایە کە کتێبی ئایینی واتە دوبارەکردنەوەی کەلەپورێك و هیچ بەرهەمهێنانێکی ڕاستەقینەی تێدا نیە و

---

[1] *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام* ٢٠٠٣ . ص‌ص. ٤، ٥، ٧٨.

[2] *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام* ٢٠٠٣ . ص‌ص. ٥، ٧٨.

[3] *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام* ٢٠٠٣ . ص. ٥.

**زۆربەیشیان دەقی کەلەپوری و کۆنن واتە لە ڕابردودا بەرهەم هێنراون.**

## وەرگێڕان:

**- یاپان بە تەنها ساڵانە نزیکەی ٣٠ میلیۆن لاپەڕە وەردەگێڕێت! ئەوەی ئێستە ساڵانە لە هەمو وڵاتانی عەرەبیدا وەردەگێڕدرێت (کە تێکڕا نزیکەی ٣٣٠ کتێبە) تەنها پێنجیەکی ئەو بڕەیە کە تەنها لە وڵاتی یۆنانی ئێستە ساڵانە وەردەگێڕدرێت![1]**

**- ئەوەی لە سەردەمی مەئمونەوە (کە کۆمەڵێك وەرگێڕی سوریانیی دانا بۆ ئەوەی کتێبە پزیشکی و فەلسەفیەکان وەربگێڕن بۆ عەرەبی) هەتاکو ئێستا (کە دەکاتە نزیکەی ١,٢٠٠ ساڵ) وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی نزیکەی (١٠,٠٠٠) کتێبە، کە ئەم بڕە بەرامبەری ئەو کتێبانەیە کە ئیسپانیا لە یەك ساڵدا وەریاندەگێڕێت![2]**

**- پێنج ساڵی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو، ئەوەی وەرگێڕدراوە لە هەمو وڵاتانی عەرەبیدا ڕێژەیەکە کە بە میلیۆنێك مرۆڤی عەرەب تەنها (٤,٤) کتێبیان بەردەکەوێت (کە دەکاتە یەك کتێب لە ساڵێکدا بۆ هەر میلیۆنێك)، لە کاتێکدا لە هەنگاریا**

---

[1] *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام* ٢٠٠٣. ص‌ص. ٦٦، ٦٧.

[2] *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام* ٢٠٠٣. ص. ٦٧.

گەیشتوەتە (٥١٩) کتێب و لە ئیسپانیا (٩٢٠) کتێب بۆ هەر میلیۆنێك لە دانیشتوان[١].

## دابەشکردن و فرۆشی کتێب:

- سەرەڕای بونی (٣٠٠) میلیۆن مرۆڤی عەرەب کە بە عەرەبی دەدوێن لە (٢٢) دەوڵەتدا، تیراژی سروشتیی چاپی هەر ڕۆمانێك یان کورتەچیرۆکێك لەنێوان (١٠٠٠) و (٣٠٠٠) دانەدایە، و ئەو کتێبەی (٥٠٠٠) دانەی لی چاپ‌وبڵاو بکرێتەوە بە کتێبێکی زۆر سەرکەوتو و پڕفرۆش دادەنرێت[٢]. بەپێی سەرچاوەیەکی تریش ئەو کاغەزەی یەك خانەی چاپ‌وبڵاوکردنەوە لە فرەنسا بەکاری دەبات زۆرترە لەو کاغەزەی کە چاپخانەکانی هەمو نیشتمانی عەرەبی سەرفی دەکەن! هەروەها بەپێی سەچاوەیەکی تر مامەڵەی بازاڕی کتێبی عەرەبی بە کڕین و فرۆشتنەوە ساڵانە لە چوار میلیۆن دۆلار تێپەڕ ناکات لەکاتێکدا ئەو ژمارەیە لە دەوڵەتانی یەکێتیی ئورۆپادا دەگاتە نزیکەی (١٢) میلیار دۆلار! ئەمەش واتە سێ هەزار جار بەرامبەری کتێبی عەرەبی!

## نەخوێندەواری (بێسەوادی):

بەپێی بڵاوکراوەی یونێسکۆ و ئاژانسی فرانس پرێس لە کۆی (٣٠٠) میلیۆن مرۆڤ لە جیهانی عەرەبیدا (٦٠) میلیۆنیان

---

(١) *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام ٢٠٠٣* . ص‌ص. ٤، ٦٧.

(٢) *تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام ٢٠٠٣* . ص. ٧٨.

نەخوێندەوارن (توانای خوێندنەوە و نوسینیان نیە)، ٣/٢ ی ئەم ڕێژەیەش لە ئافرەتانن. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە تێکڕای ساڵانەی تێچوی خوێندنی بنەڕەتی لە وڵاتانی عەرەبیدا تەنها بڕی شەش ملیارە، بە بەراورد بە (١,١٠٠) ملیار بۆ تڕوتفاقی سەربازی و چەك، و (٣٠٠) ملیار بۆ ڕیکلام، و (٥٠٠) ملیار کە عەرەب هەمو ساڵێك بۆ جگەرە (توتن) ی سەرف دەکەن![1]

ئینجا کە دەڵێین (جیهانی عەرەبی)، ئەمە واتە ناوجەرگەی جیهانی ئیسلامی: مەککەی مزگەوتی یەکەم و مەدینەی پێغەمبەر و بەغدادی مەنصور و شامی شەریف و قاهیرەی ئەزهەری هەر شەریف و... لەگەڵیشیدا مەسیحیەکانی سوریا و لوبنان حسێب کراون کە هەمیشە هەر پێشەنگ بون لە زانست و مەعریفەدا و ئەگەر ئەمانی لێ دەرکەین ڕەنگە ئامار و ژمارەکان زۆر ئابڕوبەر بن!

لەبەر ئەوە نوسەر ئەگەر لە هەر لایەنێکەوە باسی تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی بکات دەبوایە لەلایەنی زانستەوە باسی هیچی نەکردایە و بێدەنگەی لێ بکردایە!

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسی فەخری ڕازی و ئەبو بەکری ڕازی: لەلایەکی تریشەوە بڕوا ناکەم عەلی باپیر (عەقیدە) ی فەخری ڕازیی ئەشعەریی بەدڵ بێت و بە (عەقیدە) ی (فیرقەی

---

(1) *Almost 60 million illiterate in Arab world.* Agence France-Presse, March 15, 2007.
@http://services.inquirer.net/print/print.php?article_id=54963

ناجیه) ی بزانێت، چونکە لەسەر ڕێبازی (ئەشعەریەکان) بوە کە باوەڕیان بە (تەئویل) هەیە و تەفسیری حەرفییان بۆ هەمو دەقێك نیە و پێیشیان وابوە کە قورئان هەر وەکو (مەعنا) قەدیمە ئەگەرنا وەکو (لەفز) مەخلوقە. جگە لەوەی فەخری ڕازی تەفسیرە گەورەکەی پڕ کردوە بە مەنتیق و فەلسەفە و - وەکو سەلەفیەکان دەڵێن - (هەمو شتێکی تێدایە جگە لە تەفسیر!). ئەمانەش واتە فەخری ڕازی لەگەڵ ئیسلام / نوسخەکەی عەلی باپیردا بەتەواوی یەك ناگرێتەوە، چ جای ئەبوبەکری ڕازی کە مولحید بوە و لە نامە فەلسەفیەکانیدا بەڕونی ئیلحادەکەی دەردەکەوێت (کە ئیلحادی ئەو بیرمەندانە زیاتر بریتی بوە لە نکولیکردنی وەحی و پێغەمبەرایەتی)، ئەمەش ئەو (رازی) ـە پزیشکەیە کە نوسەری ناوبراو شانازیی پێوە دەکات یان بە شانازییەکی ئیسلام یان تەوژمی ئیسلامیی دەزانێت. یان نوسەر شانازی بە (ئیبن ڕوشد) ەوە دەکات وەکو فەیلەسوف و پزیشك و وەکو فەقیهێك کە خاوەنی (*بدایة المجتهِد*) ە (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ١٣٤)، بەڵام هەڵوێستی چۆنە ئەگەر بزانێت ئیبن ڕوشدیش وەکو فەیلەسوفە ئیسلامیەکانی تر باوەڕی هەیە بە ئەزەلیەت (قیدەم) ی عالەم و باوەڕی نیە بە زیندوبونەوەی جەستە لە قیامەتدا و بە عیلمی جوزئیی خوا بە (جوزئیات)؟![1] ئایا ئەو کاتە بە موسوڵمانی دادەنێت؟! بۆ

[1] کورتەی بیرکردنەوەی ئیبن ڕوشد دەربارەی ئەم سێ بابەتە تەقلیدیەی فەلسەفەی ئیسلامی ئەوەیە: خوا قەدیمە بە پلە و وەکو (عیللە) واتە هۆکاری هەمو شتەکان، بونەوەریش کە (مەعلول) ی خوایە قەدیمە بە

**گومان نەخێر! میحنەتی ئیبن ڕوشدیش مەشهورە کە دور خرایەوە و کتێبەکانیشی سوتێنران! کێ وای کرد؟ فەرمانڕەوایەکی موسوڵمان! بە فەتوا و هاندان و دەسیسەی کێ؟ کۆمەڵێك مەلا و خوتبەخوێن و واعیز و موفتی! کە ئێستە لەگەڵ ئەوانەدا کۆمەڵێك بەناو مامۆستای زانکۆ و محامییش (کە مەلان لە بەرگی مامۆستای زانکۆ و محامیدا) هەمان ڕۆڵی ئەوانە دەبینن بۆ چەرمەسەرێدان و دادگاییکردن و تۆقاندنی نوسەری داهێنەر و ڕیفۆرمخواز.**

**نمونە زۆرە ئەگەر دەڵێین دەسەڵاتی ئیسلامی چەندە ڕێگرێکی گەورەیە لە مەعریفە و زانست و ڕوناکبیری و چەند بیرمەند و زانای ڕاستەقینەی شەهید کردوە: بیرمەندێکی وەکو جەعدی کوڕی دیرهەم کە لە موتەکەللیمە هەرەدێرینەکانە، ساڵی (١١٨ ك.) والیی بەسرە (خالیدی قەسری) کە هەر کەسێك بو وەکو ئەم حاکمە عەرەبە گەندەڵانەی سەردەمی خۆمان، لە ڕۆژی جەژنی قوربانندا سەری بڕی، لە وتارەکەیدا (وتاری جەژنی**

---

**کات، واتە کاتێك نەبوە کە بونەوەر نەبوبێت، بەم شێوەیە هەر لە ئەزەلەوە خوا بۆ خۆی هەبوە و ڕاستەوخۆ بەدوایشیدا بونەوەر هەبوە. هەروەها ئیبن ڕوشد بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی دەهێنێتەوە لەسەر ڕۆژی دوایی بەڵام پێی وایە کە ژیانی ڕۆژی دوایی تەنها بە ڕۆحە واتە زیندوبونەوەی جەستەی تێدا نیە. هەروەها پێی وایە خوا عیلمێکی گشتگیری بە هەمو شتەکان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی (کلّيّ) و بە عیلمێکی ئەزەلی کە هۆکاری هاتنەکایەی شتەکانە. هەر لەسەر ئەم سێ مەسەلەیەش غەزالی فەیلەسوفە ئیسلامیەکانی تەکفیر کرد.**

قوربان) وتی بڕۆنەوە قوربانیەکانی خۆتان بکەن خوا لێتان قبوڵ کات، من قوربانی بە سەربڕینی جەعد دەکەم کە دەڵێت خوا ئیبراهیمی بە دۆست (خلیل) نەگرتوە وقسەیشی لەگەڵ موسا نەکردوە!! ئینجا لە مینبەر دابەزی و سەری بڕی! لەبەر ئەوەی جەعد پێی وابو کە خوا وەکو مرۆڤەکان قسە ناکات و ئەمەش بۆ دامەزراندنی بیروباوەڕی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵێك بنەمای عەقڵیی تۆکمە. جگە لە هەڵمەتی ڕاوەدونان و لەناوبردنی (زیندیقەکان) لەلایەن ئومەوی و عەبباسیەکانەوە، بەتایبەتی (ابن الراوندي) و (ابن المقفع) و (بشار بن برد) و (ابن أبي العوجاء) و (صالح بن عبد القدوس) و (أبو عيسى الوراق) و چەندەهای تر، کە ئەوانە ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمە بون. هەروەکو مەرگەساتی هەڵواسینی حەللاج و بەردەبارانکردنی داستانێکە بۆ خۆی. سوهرەوەردی کە فەیلەسوفێکی قوڵ و عاریفێکی گەنج بو بە فەرمانی سەڵاحەددین کۆتایی بە ژیانی تازەهەڵچوی هێنرا: لە ژورێکدا حەپس کرا بەبێ نان و ئاو تا مرد! ئەمەش بە دەسیسەی کۆمەڵێك مەلا و واعیز لە دەرباری (الملك الظاهر) ی حاکمی حەڵەب و کوڕی سەڵاحەددیندا. لە سەردەمی نوێیشدا نمونە زۆرە، زەقترینیان بەلای منەوە لەسێدارەدانی بیرمەند و چاکسازی ئیسلامیی سودانی و داکۆکیکاری مافەکانی ژن و دامەزرێنەری پارتی کۆماری لە سودان: خاکیترین پیاوی دنیا (محمود محمد طه) (١٩٠٩ - ١٩٨٥) بەپێی یاسای کوشتنی موڕتەدد(!) ی گونجێنراو لەگەڵ دەستوری سودانی، کە کۆمەڵێك قازی و مەلای سەلەفی فەتوای

مورتەددبونیان دەرکرد لە دو دادگای شەرعیدا و لە کۆتاییشدا دیکتاتۆری پراگماتیست (جەعفەر نومەیری) بۆ مەبەستی سیاسی و بەرژەوەندیی خۆی بڕیارەکەی پەسەند کرد و، (١٩٨٥/١/١٨) و لە تەمەنی (٧٥)ساڵیدا لە سێدارە درا (شەرمەزار بن!). جگە لە غافڵکوژکردنی بیریاری گەورە (حوسەین مورووە) و هەروەها نوسەر و ڕۆژنامەنوس (فەرەج فۆدە) و هەروەها (عەبدولخالق مەعروف) ی لای خۆمان و هەوڵی کوشتنی تاکە نۆبڵ وەرگرێکی عەرەب (نەجیب مەحفوظ) و هەڕەشەی کوشتن لە دەیانی وەکو (سەیید قیمەنی) و بەندکردن و فەلاقەکردنی دەیانی وەکو نوسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەوان (عەلی دەشتی) و دادگایی و دەمکوتکردن و دەرکردنی دەیانی وەکو (عەلی عەبدولڕازق) و (تاها حوسەین) و (ئەبو زەید) و تەکفیری هەتاکو ئیسلامییەکی نوێخوازی وەکو (حەسەن تورابی) (وەکو سەرنج دەدرێت داکۆکیکردن لە مافەکانی ژن و هۆشیارکردنی، لە پێشەوەی ئامانجەکانی زۆربەی ئەم بیرمەندانەدا بوە). بەشێوەیەکی گشتی بیرکردنەوە لە جیهانی ئیسلامیدا موجازەفەیەکی گەورەیە!

ڕەنگە بوترێت زۆربەی ئەوانەی ناویان برا کەسانێك بون کە قسەیان لە ئایین کردوە و بیرکردنەوە و بیروڕاکانیان سەبارەت بە چەمك و بنەما ئایینیەکان بون بۆیە بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.. بەڵام کاتێك ئایینێك دەبێتە کولتورێکی زاڵ و وردودرشتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دادەڕێژێت، ئاشکرایە کە دەبێتە کەرەستەی مرۆڤە عەوداڵ و بیرمەند و ڕوناکبیرەکان و

کاری لەسەر دەکەن و دەیانەوێت بچنە بنج‌وبناوانی و لە عەقڵ و ئەزمونی خۆیانی نزیك بکەنەوە. هەمو بیرمەندێکیش کار لەسەر ئەو کەرەستە کولتوری و ئەو کەڵەکەبوە مەعریفیە دەکات کە هەیە. ئێمەی خۆرهەڵاتی (ثالیس و هێراکلیتوس و دیمۆکریتوس و سۆکراتیس و پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس و ثیـۆفراستوس و کیکێرۆ و لوکرێتیوس و ئێپیکتیتوس و لوکیانوسی سۆمۆساتایی و پلۆتینوس.... و باکۆن و هۆبز و دێکارت و سپینۆزا و لۆك و لایبنیتس و مۆنتێسکیۆ و هیوم و دیدێرۆ و کانت و هەیگێڵ و شۆپێنهاوەر و کۆمت و کییێرکێگارد و مارکس و ئێنگێلز و نیچێ و ڕوسۆ و هوسێرل و هایدێگەر و سارترێ) ـمان نیە، لەبریی ئەوانە ئەوەی ئێمە هەمانە بریتیە لە حەدیسەکانی ئەبو هورەیرە و تەفسیرەکانی ئیبن عەبباس و حەدیسە درێژەکەی ئیسڕا و میعراج و ئەنسابی کەلبی و سیرەی ئیبن ئیسحاق بەڕیوایەتی ئیبن هیشام و غەزەواتی واقیدی و عەقیدەی تەحاوی و ئەربەعینەی نەواوی و تەفسیری جەلالەین و فەتحولقەریب... و کۆمەڵێك لەم بابەتانە، ئەمانە کەرەستەی بەردەستی ئێمەن و لەمانەوە دەست پێ دەکەین، ئینجا کاتێك زۆر بیر دەکەینەوە و بەقوڵی بۆی دەچین دەگەینە چەند ئەنجامێك (کە هەمویان نیوەناچڵن) ئینجا کە زمانمان دەپژێت دەڵێین (کەلام فیعلی خوایە نەك سیفەت و بۆیە قورئان مەخلوقە) و (سیفاتی ئیلاهی عەینی زاتی ئیلاهین بۆ ئەوەی تەعەددود ڕونەدات بۆیە عیلمی خوا جیاواز نیە لە زاتی خوا) و هەندێك قسەی دەستکردی لەم بابەتە، لەسەر ئەمانەش ڕەشەخەڵك

کۆمەڵێك ناووناتۆرەی وەکو موعتەزیلە و موعەتتیلە(!) و قەدەرییە و شتی ترمان شوێن دەخەن، ئینجا ئەگەر زیاتر داخڵی کولتوری نویێ بوین هەوڵ دەدەین بڵێین مورتەدد ناکوژرێت بەڵکو تەنها حەپس دەکرێت و داوای تەوبەی لێ دەکرێت و بڵێین ئەهلی کیتابیش ئەهلی ئیمانن و بێباوەڕ نین و بڵێین تەئویل و خوێندنەوەی نوێ بۆ دەق دەکەین و کۆمەڵێك قسەی نیوە کەلەپوری و نیوە مۆدێرنی لەم بابەتە کە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و دوای جورئەت پەیداکردن و پێنان بە جەرگدا ئینجا دەیاندرکێنین، لەسەر ئەمانەش هێشتا کۆمەڵێك موسوڵمانی تازەپیاکەوتوی درەنگ تێگەیشتو تۆمەتی پاشگەزبونەوە و عەمالەت و کلکایەتیی (ماصۆنیەتی عالەمی!) و (کوفرییەتی عالەمی!) و شتی ترمان شوێن دەخەن! ئەمە حاڵی ئێمەی موسوڵمانە کاتێك موجازەفە دەکەین واتە بیر دەکەینەوە.

ئینجا سەبارەت بە زانستێکی وەکو (پزیشکی) یش، کە (ئیبن نەفیس) ی تێدا هەڵ کەوتوە کە لە هەمان کاتدا فەقیهێکی شافیعی بوە و گوایە شەرحێکی لەسەر (*التنبیه*) ی ئەبو ئیسحاقی شیرازی نوسیوە کە یەکێکە لە دەقە متمانەدارەکانی فیقهی شافیعی، و لە (*طبقات الشافعیّة*) ی (تاج الدین ابن[1]

---

[1] نوسەر (عەلی باپیر) ئەم وشەی (ابن) ـەی بە (بن) نوسیوە کە ئەوەش هەڵەیەکی ئیملاییە! وشەی (ابن) کاتێك بەبێ هەمزە دەنوسرێت کە بکەوێتە نێوان دو ئیسمی عەلەم و ئەوەی یەکەمیان ناوی کوڕی ئەوەی دوەمیان بێت و وشەی (ابن) ـەکەش نەکەوێتە سەری دێڕەوە، لە کاتێکدا

السُّبْكي)[١] و ئەوەی (ابن قاضي شهبة)[٢] دا تەرجەمەی هەیە، وەکو نوسەر شانازیی پێوە دەکات (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ١٣٥).. ئاشکرایە کە زانستێکی عەمەلیە و پەیوەندیی بە بیر و ئایدیۆلۆجیاوە نیە و پێویستییەکی ژیانە، بۆیە زۆربەی فەرمانڕەوا ئیسلامیەکان لە ڕابردودا تەشجیعیان کردوە و بایەخیان پێداوە، هیچ نەبێت پزیشکیان بۆ کۆشکی خۆیان ڕاگرتوە، بۆ نمونە پزیشکی کۆشکی سەلاحەددین (موسای کوڕی مەیمون) ی گەورە حاخامی یەهودی بوە. ئەمە هیچ ئازایەتییەکی تێدا نیە، چونکە، کورد گوتەنی، زەرەری بۆ پەزەکان نیە، و جگە لەوەش پزیشکی پەیوەندیی بە نهێنییەکانی ژیان و خوێنەوە هەیە کە بە نهێنیی خوایی دانراون، هەر بۆیە لە سەرەتای مێژوی مرۆڤایەتیەوە پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان ئایین و پزیشکیدا هەبوە، زۆر جار پێشەوای ئاییني شارەزاییەکی ئەزمونی و تەقلیدیی لە چارەسەر و گژوگیای پزیشکی هەبوە (لە عێراقی کۆندا

---

(تاج الدين) و (السبكي) هەردوكیان لەقەبن نەك ئیسمی عەلەم. ئەمەش بو بە دەرسێکی ئیملاء!

[١] ابن السُّبْكيّ، *طبقات الشافعيّة الكبرى*. تحقيق: عبد الفتاح محمد الحلو، محمود محمد الطناحي. مطبعة عيسى البابي الحلبي، مصر، ط١، ١٩٦٤. جـ. ٨، ص. ٣٠٥، الترجمة رقم (١٢٠٦).

[٢] ابن قاضي شهبة، *طبقات الشافعية*. تصحيح و تعليق: د. الحافظ عبد الحليم خان. ط١، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن ـ الهند، ١٩٧٩. جـ. ٢، صص. ٢٤١، ٢٤٢. الترجمة رقم (٤٨٠).

پزیشکەکان هەمان پیاوانی ئایینیی پەرستگاکان بون)، بەڵکو هەندێك گروپی ئایینی لە ڕابردودا هەبون کە بە کاری پزیشکی ناسراون یان ناوەکەیان لەوەوە هاتوە (وەکو: ئەسینیەکان Essenes، کە بەپێی بیروڕایەك ناوەکەیان لە وشەی (ئاسی) ـەوە هاتوە بە واتای پزیشك. هەروەها گروپی ثێراپیوتای Therapeutae کە ناوەکەیان دەقاودەق واتای "چارەسازەکان"ی هەیە. هەرچەند ئەم پزیشکی و چارەسەرە زیاتر بە واتا ڕۆحانیەکە بوە). لەبەرئەوە ئاساییە لەگەڵ هەر ئایینێکدا کەلەپورێکی پزیشکی هەبێت و بیشبێتە بەشێك لە ئەدەبیاتی ئایینەکە. جگە لەمانە ئیبن نەفیس شوێنپێی هیپۆکرات و حونەین بن ئیسحاق و ئیبن سینای هەڵ گرتوە و بەشێك لە نوسراوەکانی ڕاڤەی ئەوانەن، بەڵام بلیمەت بوە و توانیویەتی هەندێك لە هەڵەکانیشیان ڕاست بکاتەوە و دۆزینەوەی نوێیشی هەبێت.

## چمکێك لە بوناسیی ئیسلامی!

لایەنێکی تر لە زنجیرە نوسینی ناوبراودا کە دەمەوێت هەندێك تێبینیی لەسەر بخەمە ڕو، ئەو بەشەیە کە باسی (بونناسیی ئیسلامی) دەکات. لەوە گەڕێ کە نوسەر نەیتوانیوە بونناسی و گەردونناسییەکی ئیسلامیی پێکەوەبەستراو و ڕۆشن گەڵاڵە بکات، چونکە ئەوە لە دەستی ئەودا نیە و لە قورئانیشدا گەردونناسی (کۆسمۆلۆجیا) و کۆسمۆگۆنیایەکی ڕون و پێکەوەبەستراو گەڵاڵە نابێت و تا ئێستاش لە فیکری ئیسلامیدا ئەو لایەنە شپرزە و شلۆق و ناڕۆشنە (بۆ نمونە: لەلایەنی

ئیسلامیەوە تا ئێستاش ڕون نیە ئاسمان پێش زەوی دروست کراوە یان زەوی پێش ئاسمان؟ ئاسمان لە چی دروست کراوە و زەوی لە چی دروست کراوە؟ [ئەو دوکەڵەی کە قورئان باسی دەکات (فصلت: ١١) و ئیسلامیەکان بە ماددەی سەرەتایی گەردون بەپێی تیۆریی تەقینەوەی گەورە ڕاڤەی دەکەن، بەپێی قورئان تەنها ئاسمانەکانی لێ دروست کراوە و زەوی لە شتێکی تر دروست کراوە! چونکە دەڵێت خەلقی زەوی تەواو بوە و ساز کراوە بۆ ژیان هێشتا ئاسمان دوکەڵێك بوە و ئینجا ساز کراوە! (فصلت: ٩ ـ ١١)، لە دەقێکی تریشدا دەڵێت خەلقی ئاسمان تەواو بوە ئینجا خەلقی زەوی تەواو کراوە و ساز کراوە بۆ ژیان! (النازعات: ٢٧ ـ ٣٢)]، ئەو شەش ڕۆژەی کە لە قورئاندا بۆ دروستکردنی ئاسمان و زەوی وەکو ڕۆژی ئاسایی باس دەکرێت مەبەست چیە و چۆن دەکرێت بونەوەر بە شەش ڕۆژ دروست بکرێت؟ هەروەکو بابەتی گۆیەتی و سوڕانەوەی زەوی تا ئێستاش یەکدەنگیی ئیسلامیی لەسەر نیە چونکە لە قورئاندا دەق زۆرە لەسەر تەختیی زەوی [الرعد: ٣. الحجر: ١٩. ق: ٧. الذاريات: ٤٨. نوح: ١٩. النازعات: ٣٠. الغاشية: ٢٠. الشمس: ٦] و جێگیریی زەوی [النمل: ٦١. غافر: ٦٤] و سوڕانەوەی خۆر بەدەوری زەویدا [البقرة: ٢٥٨. يس: ٣٨]).

بەڵام جگە لەوەش نوسەر لەم بارەیەوە دەکەوێتە کۆمەڵێك هەڵەی سەیرەوە، لەوانە: کاتێك دەیەوێت چەمکێکی وەکو (حەوت ئاسمان) ڕاڤە بکات دەڵێت ئەم گەردونەی کە هەیە هەموی تەنها ئاسمانی یەکەمە یاخود ئاسمانی هەرەنزیکە

(*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ٣٢)، ئەم لێکدانەوەیە جگە لەوەی لەگەڵ مێژوی ئەو چەمکەدا ناگونجێت لەگەڵ چوارچێوەی گشتیی دەقە قورئانیەکانیشدا ناگونجێت، چونکە قورئان هەمیشە وەکو شتێکی ماددی و بەرجەستە باسی حەوت ئاسمانەکە دەکات و لە دەقێکی قورئانیشدا هاتوە کە خۆر و مانگ هەردوکیان دەکەونە حەوت ئاسمانەکەوە (نوح: ١٥، ١٦). ئەو خوێندەوارەی کەمێك شارەزایی (ناڵێم پسپۆڕی) ی لە مێژوی کولتوری مرۆڤ هەبێت دەزانێت کە (حەوت ئاسمانەکە) لە سەرنجدانی حەوت تەنە ئاسمانیە گەڕۆکەکەی بەرچاوی مرۆڤەوە هاتوە (خۆر، مانگ، عوتارید، زوهەرە، میریخ، زوحەل، موشتەری) کە لە کۆندا مرۆڤ پەرستونی (قورئانیش سوێندیان پێ دەخوات: التکویر: ١٥، ١٦: کە لەم دەقەدا بەتایبەتی پێنج هەسارەکە دەگرێتەوە)، ئەمەش بەو پێیە کە هەر یەکە لەو حەوت ئاسمانە تایبەتە بە یەکێك لەو حەوت تەنە ئاسمانیە گەڕۆکەوە (هەر بۆیە لە کەلەپوری ئیسلامیدا وتراوە کە خۆر دەکەوێتە ئاسمانی چوارەمەوە یان ئاسمانی چوارەم فەلەکی خۆرە!).

هەروەها دەربارەی (شەش ڕۆژی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی) کە لە قورئاندا هاتوە دەڵێت زانایانی گەردونناسییش باسیان لەو شەش قۆناغەی دروستبونی گەردون کردوە! (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ٣٤)، کە ئەمە هەڵبەستنێکی ئاشکرایە.

هەروەها بۆ ڕاڤەی دەقی (.. أن السموات و الأرض کانتا رتقا ففتقناهما) (الأنبیاء: ٣٠) دەڵێت وشەی (فەتق) بە واتای

هەڵتۆقینی بەشێکی شتێکە بەبێ ئەوەی بە یەکجاری جیاببێتەوە! (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ٣٥) ، ئەمەش چونکە ئیشی بەم جۆرە لێکدانەوەیە هەیە و دەیەوێت دەقەکە بە سیستەمی کۆمەڵەی خۆر لێك بداتەوە، لە کاتێکدا (فەتق) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای جیاکردنەوە و لەتکردن و دڕینە (فَتَقَهُ..: شَقَّهُ. لسان العرب، مادة: فتق)، ئەو حاڵەتەش کە مرۆڤ توشی (فەتق) دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیواری ماسولکەیی ورگی دەدڕێت (کونی تێ دەبێت) بۆیە وای پێ دەوترێت، بەڵام نوسەر وا دیارە واتای (هەڵتۆقینی بەشێکی شتێك) ی لە دیمەنی ئەو حاڵەتەوە (واتە قۆڕی!) وەرگرتوە!! جا ئایا تەفسیری قورئان ئاوا دەکرێت؟ دەکرێت دەقێکی قورئان بە پشتبەستن بە واتای کوردیی (فتق) تەفسیر بکرێت کە واتای هەڵتۆقینی وەرگرتوە و واتای دڕانی تێدا نەماوە؟! لە ڕاستییشدا دەقەکە باسی چەمکێك دەکات کە لە تەفسیرەکانی قورئان و لە زۆربەی ئایینەکان و ئەفسانەکانیشدا باس کراوە کە گوایە ئاسمان و زەوی سەرەتا پێکەوەلکاو بون و پاشان خوا لێکی کردونەتەوە و ئاسمانی بەرز کردوەتەوە و زەویی لە نزمیدا ڕاگرتوە، بەپێی تەفسیر و بەپێی زۆربەی ئەو ئەفسانانە ئەو جیاکردنەوەیەش بە هەوای نێوان ئاسمان و زەوی بوە (بڕوانە: تەفسیری طەبەری، ئایەتی: الأنبیاء: ٣٠، بەتایبەتی ڕیوایەتی ژمارە ١٨٥٣٤[1]).. بۆ نمونە لە ئەفسانەی شومەریدا

---

[1] بڕوانە: الطبري، *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥ هـ. ج. ١٧، ص‌ص. ١٨، ١٩. هەروەها: *تفسير الطبري*. تحقيق:

**دەڵێت خواوەند/ئاسمان (ئان) و خواوەند/زەوی (کی) لەسەرەتادا پێکەوەلکاو بون و پاشان خواوەند/هەوا (ئێنلیل) لێکی کردنەوە و هاتەنێوانیان.. دروستبونی ئەم چەمکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کولتوری کۆندا خەلق بەشێوەی لەناوبردنی شێواوی و بێیاسایی وێنە کراوە، بەو پێیە کە ئێستە یاسایەکی گەردونی هەیە کە پێش خەلق نەبوە، ئینجا ئێستە هەوای نێوان ئاسمان و زەوی هەیە کەواتە پێش خەلق نەبوە و ئاسمان و زەوی پێکەوەلکاو بون، بۆیە بەشێك لە خەلق جیاکردنەوەی ئاسمان و زەوی و دروستکردنی هەوای نێوانیان بوە.**

**جگە لەوەش کاتێك (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ٣٦) بەبێ هیچ زانیارییەك خۆی دەدات لە دەقێکی ناڕۆشنی وەکو (.. وَ کان عرشُه علی الماء) (هود: ٧)، کە دەتوانم بڵێم هیچ موسوڵمانێکی تەقلیدی لەم دەقە نەگەیشتوە تا باوەڕی پێی هەبێت، دەڵێت لە سەرەتادا گەردون نەبوە و تەنها (عەرشی لەسەر ئاو وەستاو) هەبوە بۆیە گەردون ئەزەلی نیە.. بەڵام نوسەر سەرنجی لەوە نەداوە کە لە دەقەکەدا باسی ئاو کراوە کە گوایە عەرش لەو کاتەدا لەسەر ئاو بوە، کەواتە پێش خەلق عەرش هەبوە و ئاویش هەبوە ئیتر چۆن ئەم دەقە دەکاتە بەڵگەی ئەوەی کە بونەوەر ئەزەلی نیە؟! ئینجا وا وتمان عەرش مولحەقە**

---

**أحمد محمد شاكر. مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠. ج. ١٨، ص. ٤٣١. هەروەها: القرطبي، *الجامع في أحكام القرآن*. تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني. دار الشعب، ط٢، ١٣٧٢ هـ. ج. ١١، ص. ٢٨٣.**

به خواوه بەڵام ئەم ئاوە چیە؟ ئاو لەپێش دروستکردنی گەردوندا چی دەکات؟! بڕوا ناکەم بیرمەندێکی ئیسلامی هەبێت بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە! ئەو ئاوە کە لە هەمو یان زۆربەی دەقە ئایینیەکاندا باس کراوە لە قورئانیشدا و لەو دەقانەی تریشدا باسی دروستکردنی ناکرێت، بڕوانە کە لە هەمو قورئاندا ئەوەی دروست کراوە تەنها (ئاسمانەکان و زەوی) ـە و ئەو ئاوە باسی نیە لە دروستکردندا، کەواتە دەتوانیت بەپێی قورئان بڵێیت ئەو ئاوە ئەزەلیە یان مەخلوق نیە! (ئەمە بەراورد بکە بەوەی لە کولتوری شومەریدا ئەو ئاوە ئەزەلیە یەکەم پێکهێنەرێکی بونەوەر و یەکەم خواوەندیشە کە خواوەند "نامو" ی دایکە)، لە ڕاستیدا کاتێك (ئیبن ڕوشد) یش لە (*فصل المقال*) دا بەڵگە بۆ ئەزەلیەت (یاخود قیدەم) ی بونەوەر دەهێنێتەوە ئەم دەقە قورئانیە دەکاتە بەڵگە![1] ئیبن تەیمییەش لە (*نقد مراتب الإجماع*) دا بەپێی ئەم دەقە و هەندێك دەقی تر ئەو قسەیەی ئیبن حەزم ڕەت دەکاتەوە کە لە (*مراتب الإجماع*) دا وتویەتی ئیجماع (کۆدەنگی) هەیە لەسەر ئەوەی کاتێك خوا هەبوە هیچی تر نەبوە و ئینجا خوا شتەکانی دروست کردوە[2].
لە بیری ئایینیی ئیسلامیدا و بەپێی چوارچێوەی گشتیی دەقە

---

[1] بڕوانە: ابن رشد، *فصل المقال و تقرير ما بين الشريعة و الحكمة من الاتصال*. تحقيق: د. ألبير نصري نادر. دار المشرق، ط٢، ١٩٦٨، ص. ٤٢.

[2] بڕوانە: ابن حزم، *مراتب الإجماع ـ في العبادات و المعاملات و المعتقدات*. دار الآفاق الجديدة، بيروت. ط١، ١٩٧٨. ص. ١٩٣. | ابن تيمية، *نقد مراتب الإجماع*. (ملحق بمراتب الإجماع). ص‌ص. ٢٢٠ ـ ٢٢٣.

**ئیسلامیەکان و لە زۆربەی ئایینەکانی تریشدا خواوەند بە دەستکاریکردنی ئەو ئاوەی کە پێشتر هەبوە بونەوەری دروست کردوە، کەواتە خواوەند لە هیچ و لە (عەدەمی موتڵەق) بونەوەری دروست نەکردوە، بەگشتییش بیرۆکەی (خەلق لە عەدەم)[1] بیرۆکەیەکی ئایینیی ڕەسەن نیە و چەمکێکی ئەبستراکتە کە نمونەی لە واقیعدا نیە و بۆیە زادەی فەلسەفاندنی بیری ئایینیە، هەر بۆیە (ئیبن تەیمییە) ی بەئەمەك بۆ دەق ڕەتی دەکاتەوە.**

---

**[1] ئەم بابەتە جیاوازە لە هەردو سیفەتی (فاطر) (بۆ نمونە: الأنعام: ١٤) و (بدیع) (البقرة: ١١٧، الأنعام: ١٠١) کە بە واتای داهێنەر و بەدیهێنەری یەکەم دێن، واتە کە قورئان دەڵێت خوا داهێنەری (ئاسمان و زەوی) ـە مەبەست ئەوەیە پێشتر نەبون و پێش خەلق لە نمونەیان نەبوە نەك ئەوەی لە هیچ دروستی کردون، هەمو داهێنانێکیش پێویستیی بە کەرەستەیەك و ماددەیەکی بەرایی هەیە. بەڵام (خەلق لە عەدەم) بیرۆکەیەکی میتافیزیاییە کە نامۆیە بە چەمکە ئایینیەکان. بۆیە هەمو چیرۆکە ئایینیەکانی خەلق باس لە کەرەستەیەك دەکەن کە خواوەند لەوە بونەوەری دروست کردوە: ئاو بۆ دروستکردنی ئاسمان و زەوی، قوڕ بۆ دروستکردنی مرۆڤ.. ئەمەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ (کە داهێنەری ئەو بیرۆکە و چیرۆکانەیە) خۆیشی هەمیشە لە کەرەستە شت دروست دەکات، خۆیشی زۆربەی کەل‌وپەلەکانی لە قوڕ دروست دەکات.**

# خیتاموهو میسك!

هەڵەیەکی زەقیش کە لە ئەڵقەیەکی زنجیرەکەدا کەوتە بەر سەرنجم، ئەوە بو کە کۆمەڵەی یەهودیی (فەریسیەکان) Pharisees ی هاوچەرخی مەسیح لە فەلەستیندا ناویان بە (فەرەنسیەکان) نوسرابو.. (*تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی*. لا. ٩٧). کە ئەو کاتە (سەدەی ١ ز.) هێشتا گەلێك نەبوە پێی بوترێت فڕەنسیەکان، ئەگەر گریمان بوبێتیش لە فەلەستین نەبون! ئەمە ئەگەر هەڵەی نوسەر بێت مانای وایە نەیدەویست و نەیدەهێنا ئێمە خۆمان هیلاك بکەین و ئەم ڕەخنەیە بنوسین چونکە ئەوەی هەڵەی وا بکات خوێندنەوەی نوسینەکەی کات بەفیڕۆدانە. بەڵام وا گومان دەبەم هەڵەی (تایپیست) و (هەڵەبڕ!) (ی نوسینگەی نوسەر خۆی) بێت کە (فەریسیەکان) یان بۆ کردوە بە (فەرەنسیەکان)! ئەمەش لە کۆتاییدا تەنها بۆ (بزەی لێو) و (پشو) ی خوێنەر و حەزم کرد ببێتە نمونەیەك و ئەستێرەیەك لە ئاسمانی وردەکاری و ساخکردنەوە و هەستی ڕەخنەیی ئەم دەڤەرەدا.

◘ **ابن تيمية، *نقد مراتب الإجماع*. (ملحق بمراتب الإجماع).**

◘ **ابن حزم، *مراتب الإجماع ـ في العبادات و المعاملات و المعتقدات*. دار الآفاق الجديدة، بيروت. ط١، ١٩٧٨.**

◘ **ابن رشد، *فصل المقال و تقرير ما بين الشريعة و الحكمة من الاتصال*. تحقيق: د. ألبير نصري نادر. دار المشرق، ط٢، ١٩٦٨.**

◘ **ابن السُّبْكي، *طبقات الشافعيّة الكبرى*. تحقيق: عبد الفتاح محمد الحلو، محمود محمد الطناحي. مطبعة عيسى البابي الحلبي، مصر، ط١، ١٩٦٤.**

◘ **ابن قاضي شهبة، *طبقات الشافعية*. تصحيح و تعليق: د. الحافظ عبد الحليم خان. ط١، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن ـ الهند، ١٩٧٩.**

◘ ***تقرير التنمية الإنسانيّة العربية للعام ٢٠٠٣ : نحوَ إقامة مجتمع المعرفة*. برنامج الأمم المتحدة الإنمائيّ، الصندوق العربي للإنماء الاقتصادي و الاجتماعي. المطبعة الوطنية، عمّان، ٢٠٠٣.**

◘ **الطبري، *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥ هـ.**

◘ **الطبري، *تفسير الطبري* (جامع البيان عن تأويل آي القرآن). تحقيق: أحمد محمد شاكر. مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠٠.**

◘ **القرطبي، *الجامع في أحكام القرآن*. تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني. دار الشعب، ط٢، ١٣٧٢ هـ.**

◘ "Secularism" Encyclopædia Britannica. Ultimate Reference Suite. Chicago: Encyclopædia Britannica, 2008.

◘ *Almost 60 million illiterate in Arab world*. Agence France-Presse, March 15, 2007.
@http://services.inquirer.net/print/print.php?article_id=54963

# ئیرست


پێشەکی ٣

◘ زاراوەسازی و میتۆد ٥

◘ باکگراوندی گوتار ٨

◘ هەڵسەنگاندنێکی گشتی ٩

◘ عەلمانیەت و بیری ئیسلامی ١٢

◘ چینی پیاوانی ئاینی لە ئیسلامیشدا هەیە و جیهانی ئیسلامییش پێویستیی بە عەلمانیەت هەیە ٢١

◘ تەوژمی ئیسلامی و، مەعریفە و زانست ٢٧

● خوێندنەوە

● بەرهەمهێنانی کتێب ٣١

● وەرگێڕان ٣٣

● دابەشکردن و فرۆشی کتێب


● نەخوێندەواری ٣٤

◘ چمکێك لە بوننناسیی ئیسلامی! ٤٣

◘ خیتاموهو میسك! ٥٠

سەرچاوەکان ٥١

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی




2008

ئەگەر دەتانەوێت عەلمانیەت نەبێت‌و ئیسلام خۆی حوکم بکات زۆرینەیەکی ئیسلامی دەستنیشان بکەن کە تەنها موسوڵمان بن و بەس: نە سوننی بن نە شیعە، با حوکم بگرنە دەست! بەڵام حوکمی ئیسلامی هەرگیز ناتوانێت حوکمێکی مەزهەبی نەبێت. بڕینی ئیسلام قوڵە.

کەواتە دەوڵەتی ئیسلامی نەک تەنها دەوڵەتێکی ئایینی |ناعەلمانی| ـە، بەڵکو دەوڵەتێکی مەزهەبی و تایفییشە. تاکە چارەسەرێکیش بۆ دوچارنەبونمان بە حکومەتێکی مەزهەبی و تایفی تەنها عەلمانیەتە.

لە کتێبەکەوە

عەلی باپیر دەڵێت چی؟

ئەندێش